KURDISTAN



بەرهەمی عومری درێژی دانا
گەوهەری ژینی لە ڕێ ی گەل دانا

# سەدیق ئەنجیری ئازەر

## شەهیدی بێ سەرووشوێن کراوو

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


– سەدیقی ئەنجیریئازەر لە یادداشتەکانی نیما یوشیج دا................................ قادر وریا ..... ٣

– سەدیقی هەنجیری؛ لە یادی چل ساڵەی شوێنەوەنکردنی (سەدیقی هەنجیری)دا.......... یاسین حەسەن ..... ١٠

– شەهیدێکی بێ مەزار............................................. مەلا ڕەسووڵ پێشنماز ..... ١٩

– گەوهەری گومبوو.............................................. سەلاحەدین موهتەدی ..... ٢٧

• بەهاری خوێناوی!.............................................. مەلا محەممەد خزری ..... ٣٥

– شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم........ ئا: ڕەحمان نەقشی ..... ٤٠




## سەدیقی ئەنجیریئازەر لە یادداشتەکانی نیما یوشیج دا".




قادر وریا

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست: ئەم بابەتەم لە ٦ - ٤ - ٢٠٠٦ لە سایتی "دیمانە" - یادی بە خێر- بڵاو کردەوە. ئەو کات ژمارەی ئەو کەسانەی لەوە ئاگادار بوون کە نیما یوشیج بەو چەشنە سەرسوڕمان و ستایش لە ڕووناکبیری کورد سەدیق ئەنجیری ئازەر دواوە، لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەدەکرد. هەر بۆیەش بابەتەکەم پێشوازیی باشی لێکرا. لەو کاتەوە تا ئێستا لانیکەم کتێبێک(لە نووسینی د.یاسین سەردەشتی) و کۆمەڵێک بابەتی دیکە لە بارەی شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر بڵاو بوونەوە. بەو حاڵەش، هەست دەکەم ئەم بابەتەم لە بەرچاوان و لەبەردەستی خوێنەرانی ئەمڕۆ نەماوە و جێی خۆیەتی جارێکی دیکە بکەوێتەوە بەر سەرنج.

***

### پێشەکی

ئەمانەی لێرەدا دەیانخوێننەوە، ئەو یادداشتانەن کە نیما یوشیج، باوکی شیعری نوێی فارسی، پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە

بارەی سەدیقی ئەنجیرەیئازەر لە دەفتەری یادداشتی ڕۆژانەی خۆیدا تۆماری کردوون. سەدیقی ئەنجیریئازەر لە تاران چی دەکرد و چۆن لەگەڵ نیما و شاعیران و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی ئێران ببوو بە دۆست و ناسیاو؟ ئەو لاوە کوردە چۆن بەم هەموو زانایی و تێگەیشتوویییە گەیشتبوو کە نیما بە سەرسووڕمانەوە لێی دواوە و بە یەکێک لەو گەورەترین مرۆڤانەی زانیوە کە لە ژیانیدا تووشیان بووە؟ کەسێکی ئاوا بلیمەت بۆچی کاتێک لە تارانەوە ڕووی کردۆتە کوردستانی عێراق و تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەرمێن بووە، بووە بە ئامانجی پیلانێکی ناجوامێرانە و بە دەست کەس یا کەسانێک کە بێگومان خۆیان لەو بە حیزبیتر، کوردتر و نیشتمانپەروەرتر زانیوە، تیرۆر کراوە؟ نەسلی ئەمڕۆی ئەندامانی حیزبەکەی ئەنجیریئازەرو، تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی سەردەمی ئێستا لە بارەی مرۆڤێکی ئاوا هەڵکەوتوو چەند دەزانن؟

لەو ڕۆژەوە کە یادداشتەکانی نیما یوشیج لە بارەی ئەم مرۆڤەوەم خوێندونەتەوە، بڕیارم داوە وەدوای سەربردە و چارەنووسی تەماویی ئەو کەسایەتییە بکەوم. لەوەیش کە مرۆڤێکی ئاوا کەموێنە نەک بەدەست دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی، بەڵکو بەدەست کەسانێک کە بەرگی پێشمەرگایەتی کورد و کوردستانیان لەبەردا بووە، ئەویش تەنیا بە تاوانی جیابیری و ملنەدان بۆ سەرەڕۆیی و تەکرەوی و داکۆکی لە بیروڕای خۆی کوژراوە، خۆم بە شەرمەزار دەزانم. خۆ دەزانم من لەم نێوەدا هیچ تاوانێکم نییە. بەڵام تاوانم هەبێ یان نا، تاکێکم لەو نەتەوەیە کە زۆر قەباحەتی لەم چەشنە بەرامبەر بە مرۆڤە بەنرخەکانی، لەبەرچاوی ئەنجام دراون و دەدرێن. بەڵام کەم کەس هەر لەم نەتەوەیە دەنگی لێوەهاتووە.

ئەم وەرگێڕانەم پێشکەش بە هەموو ئەو مرۆڤە بەرز و کەموێنانە دەکەم کە لەنێو خەبات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا باجی ململانێ لەگەڵ سەرەڕۆیی و نەزانییان داوە، و لەسەر ئەم تاوانە تیرۆری فیزیکی، سیاسی و... کراون. بەم دێڕە شیعرەی مامۆستای گەورە، شێرکۆ بێکەس، کۆتایی پێدێنم کە بۆ پێشمەرگەیەکی قارەمانی قوربانیی شەڕێکی نێوخۆیی گوتوویەتی:

"خۆمان کوشتمان، تف لە خۆمان".

سەددیق ئەنجیریئازەر لە یادداشتەکانی نیما یوشیج دا

ئەنجیریئازەر

"ئەم لاوە کوردە، تاقە پیاوێک بوو کە دیتم. ئێستا لە ژوورەکەی ئێمە نەماوە."

یادداشتی ٢٣ تا ٣١ی بانەمەڕی ١٣٣٤، لاپەڕەی ٢٣٣.

ئازەر تێدەگا

"ئەنجیریئازەر تەنیا پیاوێک بوو کە دیتم. ئازەر ئەنجیری تێدەگا. ئەنجیریئازەر تەنیا پیاوێک بوو کە من دیتم، چونکە کوردە."

یادداشتی کۆتایی شەو، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٣٤، لاپەڕەکانی ٢٣٤ و ٢٣٥.

ئەنجیری ئازەر

ئەگەر ئەو لاوە نەجیب و هۆشمەندەی کورد نەبا، من زۆر دڵتەنگتر دەبووم. (کەسێکی) یەکجار تێگەیشتووە. زۆر هەستیارە. باشتر ئەمەیە بڵێم زۆر خوێندەوار و کارامەیە.

لاپەڕی ٢٣٩.

"بەڵام کەسانی دیکە لە بناغەی کاری من تێگەیشتوون. هەر لە جێدا، دۆخی گۆڕان، دۆخی گۆڕانە. هەر لە جێدا وەک ئەنجیری دەڵێ دەبێ ڕوانین و فەلسەفەی ژیانی نیما ببینرێ."

ئەنجیری ئازەر

"هێندێک کەس "فوت و فن" (وردەکاری و تێکنیکی) هونەری من تێگەیشتوون بەڵام کەسێک هەیە کە هەموو دەرد و ڕەنجی منی لە ڕووی شیعرەکانمەوە هەست پێکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوانەی ژیانی منیان دەناسی نەیانتوانیوە بەهۆی ژیانی منەوە لە دەردە شاراوەکانی نێو شیعرەکانم تێبگەن. ئەو یەک کەسە دەردەکانی منی وەها ناسی کە بووە بەهۆی سەرسووڕمانی خودی خۆم. لە خودی خۆم و لە هەموو کەس باشتری ناسی. تەنانەت (لە) ئالی ئەحمەد. چونکە ئالی ئەحمەدیش زۆر لە دەردەکانی منی لە ڕووی بەرهەمەکانی منەوە ناسی. بەڵام ئەم یەک کەسە بە جۆرێک من دەناسێ کە من بۆخۆم دەبێ لەو بپرسم ئەرێ من کێم؟ ئەم یەک کەسە لاوێکی کوردە و پەرێشانی ڕۆژگار. ناوی ئەنجیریئازەرە. من لە

یادداشتەکانمدا لەوانەیە چەند جار ناوی ئەوم هێنابێ. ئەگەر توانیبام شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئەم لاوە کوردە پێکەوە لە جێیەک بین، دەمتوانی شەو و ڕۆژ کار بکەم (بنووسم)." جۆزەردانی ١٣٣٤، لاپەڕی ٢٤٥.

## ئەی ئازەر

"ئەوەندەم قسە کرد، قسە گرنگەکانم لەبیرچوونەوە. دیسانیش لەوانەیە هەڵبفریوێین و لەبیرمان نەبێ، چونکە قسە، کاتێک کرا، کاریگەرییەکەی لەسەر خودی کەسەکە کەم دەبێتەوە. واتە [قسە] لە سەرنجڕاکێشبوونی خۆی کەم دەکاتەوە." لاپەڕی ٢٤٦.

"ئەمڕۆ چووم بۆ ئیدارەی "معارف". دوکتۆر جەننەتی بە خانەنشینیی منەوە ماندووە. سوپاسی دەکەم. موعتەمیدی هات. جێ سیغار (قوطی سیگار)ێکی بۆ من هێنابوو کە لە سنە دروستکراوە."

"ئازەر گوتی دوێنێ لە شوێنێک هێندێک لاو (نوسرەت ڕەحمانی و کەسانی تر) هێرشیان کردۆتە سەر ئەخەوان (ئومید). لەسەر شیعرێک کە بەدژی من لە گۆڤارەکەیدا چاپی کردووە. ئەخەوان بەوانی گوتبوو من دوێنێ چوومە لای نیما، هێندێک یادداشتی دامێ، لە بارەی 'موشحات' یا شیعری ئازادی کۆن."

"لەسەر دیواری ماڵێ کێشەمان هەیە، بەننایی حەوز (ستێر)یش لەگۆڕێدا هەیە. کاتی من بە بەتاڵی و خۆڕایی دەڕوا." ٥ی پووشپەڕی ١٣٣٤.

## ئازەر ئەنجیری

"ئەم لاوە کوردە لێوەشاوەترین پیاوێک بوو کە ئەمساڵ شانازیی ئاشنابوون لەگەڵ ئەوم هەیە. ئەم لاوە، ناڵێم چەند زمانان دەزانێ، ناڵێم شیعری ئەمڕۆ و دوێنێ و شیعری هەر ڕۆژێک لە هەر شاعیرێک باشتر تێدەگا، ناڵێم شیعر ناڵێ، بەڵام دەزانێ شیعر چییە. ناڵێم تێگەیشتنێکی چەندە مەنتیقیی هەیە. ناڵێم لە باری قەزاوەتەوە چەندە گەشەی کردووە. ناڵێم چ کەسایەتییەکە و خەریکی چییە."

ئەو گەورەترینی ئەو مرۆڤانەیە کە من لە ماوەی ژیانی خۆمدا تووشیان بووم. من زۆر جار تووشی مرۆڤی هاوڕوانگە و

هاوبیری خۆم بووم. ئەو لە هەمووی ئەمانەی تێپەڕاندووە".

ئەم لاوە کوردە، و بەتایبەتی کورد بە واتای مرۆڤ، لە تەواوی ساڵی ١٣٣٤ و ساڵی ١٣٣٣دا مایەی دڵنەوایی من بوو".

ئەم کوردە ئەوەندە تێگەیشتووە کە تێگەیشتنی وی، لە سەرووی زانایییەوەیە و زانایییەکەی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە". من لە باری زانستی ئەوەوە، دیسان هیچ ناڵێم. ئەو زۆر شتی خوێندۆتەوە و لە کەسانی دی باشتریان دەزانێ. ئەگەر بە زمانی عیرفان قسە بکەم دەبێ بڵێم ئەو گەیشتۆتە "حق الیقین"ی زانستەکانی خۆی".

ئەو لە سەرووی زانستەوەیە. زانستێکە کە دەبێ لەگەڵ زانست بیخەیتە تای تەرازوویەک و کەم و کورتییەکانی زانستی مرۆیی، بەو مەزەندە بکەی." لاپەڕەی ٢٥٢.

## ئەمڕۆ لە "معارف"

ئەمرۆ لە "معارف" لای ئازەر بووم. شاهروودی و هی دیکەیش لەوێ بوون. من داوای مەرەخەسیم دا بە ئازەر، داوای خانەنشینییش. 'تەلایی' هات و وەریگرت".

من دەبێ بە (حسێبی) بە ئەو لاوە بێچارانە ڕابگەم. ئازەر دەزانێ من دەڵێم چی. هەوا زۆر گەرم بوو. ژنەکەم چووە بانک. بەبۆنەی خانەنشینکرانییەوە خەریکی جێژن گرتن بوو".

## ئازەر ئەنجیری

"ئازەر، پێرێ لەبەرچاوی خۆم بە شاهروودی گوتبوو: با نەبینە موزاحیمی حاڵی نیما، ئەو (نیما) سەربەخۆ نییە." لێرە و لەوێ چیان بیستووە(؟) من زۆری پێ ناڕەحەت بووم. پێم خۆشبوو شەو و ڕۆژ ئەم لاوە نەجیبە کوردەم بدیبا. ئەم لاوە خاوەن زانستە و تێگەیشتووە کە من تەنیا بە نەجیب و مرۆڤ ناوی دەبەم".

کاتێک دەبینێ من خەریکە دەگریم، گریانی دێت. من لەم لاوەدا ڕەنگدانەوەم نییە، ئەو لە مندا ڕەنگی داوەتەوە. من و ئەو لە یەکتردا رەنگمان داوەتەوە. ئەو ئاوێنەیەکی خاوێنی دەردە ئینسانییەکانە." لاپەڕەی ٢٥٤.



سەرچاوە
Serchawe

## ئازەر

ئەم لاوە تێگەیشتوو، خوێندەوار و ئەدیبە؛ ساڵی ١٣٢٧ هاتە تاران و ڕوویکردە پیشەی مامۆستایەتی. دوایە دایک و بابیشی هێنانە تاران. برایەکی مرد و برایەکیشی ئێستا 'محصل' (قوتابی)یە. بژێودەری بنەماڵەیە. لە ژوورێکی بەرڕۆژ (آفتاب رو) بە سەختی دەژی".

## شاعیری گەورە

ئەنجیریئازەر پێی گوتم لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری جەننەتی قسە لەسەر ناوی من بوو کە گەورەترین شاعیر بێ یان شاعیری گەورە. شاهروودییش هەر ئەمەی دەگوت".

خەڵک چەند چکۆڵەن کە گەورە نابینن و گەورە چ وشەیەکە کە تا ئێستا ئەوەندە خەڵکی هەڵفریواندوە..." خەڵک بیروڕایەکی ڕاستەوخۆ و مەنتیقییان نییە، ئەگینا قەزاوەتکردنیان ئاسان دەبوو. خەڵک چەند ساویلکەن کە پێیان وایە ئەم قسانە کارم تێدەکەن. لاپەڕی ٢٦٦، پاش یادداشتی ڕۆژی ٦ی بەرفرانباری ١٣٣٤ و بەرلە یادداشتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٣٤".

## وێنە. مانگی بانەمەڕ

"لەگەڵ ژن و منداڵەکەم چووینە لای Hadi و وێنەمان گرت. بۆمان ڕوون نەبۆوە بۆچی ناتوانین بە جلوبەرگێک کە پێمان خۆشە، وێنە بگرین. بۆ وێنە ئێمە ئەگەر جلکی کوردیمان لەبەردابایە ئایا لەو ئاتلیە ئیمکانی وێنەگرتنمان نەبوو؟ Hadi دەیگوت وێنەگرتن بە جلوبەرگی کوردییەوە مومکین نییە مەگەر لە ماڵی خۆتان."

دوکتور جەننەتی پەیتا پەیتا دەیگوت: ڕوانگەی ئێوە لەگەڵ ئاغای هادی جیاوازە. من لەگەڵ هەموو تێگەیشتنمدا خەریکم شێت دەبم، ئەمە چ جۆرە تێگەیشتنێکە".

## ئازەر، میرفێندرێسکی

"هەر دووکیانم لە دوکانی 'ضیاء' دیت. هاتنە ماڵێم. بێ ئەوەی هیچ خواردنێکمان هەبێ. لە 'قلعەی سقریم' چەند دێڕ

**شیعرم بۆ خوێندنەوە. هەردووکیان چەند دێڕە شیعریان یادداشت کرد و ڕۆیشتن." ساڵی ١٣٣٨، لاپەڕەی ٣٠٦.**

**سەرچاوە:**

**کتیبی "برگزیده آثار نیما یوشیج - نثر" تدوین: سیروس طاهباز، ١٣٦٩.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠٢٠**

---



سەرچاوە
Serchawe

## سەدیقی هەنجیری

## لە یادی چل ساڵەی شوێنەوەنکردنی (سەدیقی هەنجیری)دا

**یاسین حەسەن:**

چل ساڵ لەمەوبەر، چەند رۆژێک پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن) لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٦٦، لەگوندی (مامە رووت)ی شوێنی ئیستگەی شۆڕشی کوردستان، (سەدیقی هەنجیری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بێ سەر و شوێن کرا.

سەدیقی هەنجیری، لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٤ی شاری مەهابادە و کوڕی کاک حەمە رەسوڵ و ئایشە خاتونە. خوێندنی سە رەتایی لەشاری مەهاباد تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندیشی لەدانیشەرای مقدماتی تەواو کردووە. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٥دا بۆتە مامۆستای قوتابخانە و لەئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوە و خەریکی وانەگوتنەوە بووە. لەسەردەمی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و جەمهوریەتی کوردستاندا، سەدیقی هەنجیری بۆتە ئەندامی حیزب و بووە لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکاران و لەچاپکردن و دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان)دا رۆڵی هەبووە و جاروبار وتاریشی تێدا نووسیوە. بەپێی قسەی (سیامەند بایەزیدی)، سەدیقی ئەنجیری لەو سەردەمەشدا چەپ و مارکسیست بووە و پاش ئەوەی هانی کرێکارەکانی چاپخانەی کوردستان بۆ مانگرتن دەدات، لەلایەن حەمە حسێن خانی سەیفی قازییەوە لەسەر کار لادەبرێت(١)

پاش رووخاندنی کۆمار و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ مەهاباد، سەدیقی هەنجیری دەچێتە گوندی (گڵندوک)ی نزیک تاران و بەکاری مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێت. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٩دا بەرەسمی دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران و کارەکەشی دەگوازێتەوە بۆ تاران و دەبێتە کارمەند لەئیدارەی باڵای فەرهەنگ و هەر لەتارانیش نیشتەجێ دەبێت و ماڵەکەی وەک بنکەیەکی نهێنی حیزبی تودەوابوو. شایەنی باسە لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی بەسەرکردایەتی جەبهەی میللی و دکتۆر موسەددیق تادەهات زیاتر پەرەی دەگرت و پاشەکشەی بەشاپەرستەکان دەکرد. پاش ئەوەی جەبهەی میللی حکومەتی گرتە دەست فەزایەکی ئاوەڵە لەتاران و هەرێمەکانی دیکەی ئێران هاتەدی، حیزبی تودە لەو دەمەدا لەدوای جەبهەی میللی مەزنترین هێزی سیاسی و جەماوەری سەر گۆڕەپانەکە بوو. حیزبی دیموکراتی

کوردستانیش کە لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرمی وەک: (**عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، غەنی بلوریان، رەحیمی سوڵتانیان، عەزیز یوسفی، عوبەیدوڵای ئەیوبیان**) سەر لەنوێ دامەزرابۆوە و کەتبۆ گەشەکردن. بەهۆی **سەدیقی هەنجیری** و (**سارمەددینی سادق وەزیری**) وەکیلی پایەی یەکی دادوەری لەتاران، لەگەڵ حیزبی تودە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥١دا رێکەوتن، کەحیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەو ناوە لەکوردستان وەک شاخەیەکی حیزبی تودە کاربکات و لەژێر رێنماییە سیاسیی و رێکخراوەییەکانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدابێت کە (رێبەرایەتییەکەی ئەکات لەتاران دادەنیشتن. بەوەش حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەستدا و خەباتی نەتەوایەتی لەبیرکرد و لەهەموو روویەکی ئیدۆلۆژی و سیاسیی و حیزبییەوە بووە وابەستەی حیزبی تودەی ئێران لەتاران) (٢).

لەدوای کودەتاکەی ژێنەرەڵ زاهیدی و رووخاندنی حکومەتەکەی موسەددەق لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا. رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەسوود وەرگرتن لەفەزای ئاوەڵەی گوندەکانی کوردستان و دوور لەرێنماییەکانی رێبەرایەتی حیزبی تودەکە ئەو دەم کەوتبوونە بەر فشار و پەلاماری فەرماندەی نیزامی لەتاران بەسەرکردایەتی (تەیمور بەختیار)، کەوتنە کارکردن و لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤، لەشاری تەورێز بەهاوکاری (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایێنجان) توانیان پێنج ژمارە لە (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات چاپ و بڵاو بکەنەو، شایەنی باسە سەدیقی هەنجیری یەک لەوانە بوو کەبۆ چاپکردنی کوردستان لەتارانەوە خۆی گەیاندە تەورێز و لەگەڵ (رەحمانی قاسملو)دا پێکەوە وتارە فارسییەکانی رۆژنامەکە یان دەنووسی. ئەو رۆژنامەیەی کە بەئاشکرابوونی چاپخانەکە و دەستبەسەراگرتنی لەلایەن پیاوانی رژێمەوە وەستا و لە بڵاوکردنەوە کەوت.

هەروەها رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥، لەشاری تاران و لەماڵی سەدیقی هەنجیری کۆبوونەوە و بەمەبەستی خۆپارێزی و هەڵوێست وەرگرتن لەهەڵوێستی مەنفی و ناشۆڕشگێڕانەی حیزبی تودە لەشکستی جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی و سەرکەوتنی و کودەتاکەی زاهیری، بڕیاریاندا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی رەخنە ئامێزیش سەبارەت بەو بێ هەڵوێستیەی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتاکەی ١٩ی ئاب بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەو (٣).

پاش ئەوەی ماڵە حیزبییەکانی حیزبی تودە لەساڵی ١٩٥٤، لەتاران و شارەکانی دیکەی ئێران، کەوتنە بەر پەلاماری فەرماندەی نیزامی و پیاوەکانی (تەیمور بەختیار) و بەشێکی زۆری کادێر و ئەندامەکانی حیزبی تودە بۆ دەزگای ئەمنیەتی رژێمی شاهەنشاهی ئاشکرابوون، ماڵەکەی سەدیقیش لەتاران خرایە چاودێرییەوە، ئەو کاتە (پرویز حیکمەت جو) کادێری رێبەرایەتی ناوداری حیزبی تودە لەوێ بەنهێنی دەژیا. پاش ماوەیەک لەرۆیشتنی حیکمەت جو بۆ رۆمانیا، ماڵی سەدیق

پەلامار درا و لە ١٤ی سێپتامبەری ١٩٥٥، سەدیقی هەنجیری لەلایەن پیاوانی رژێمەوە دەستەبەسەرکرا و لەلێکۆڵینەوەدا دانی بەئەندامەتی خۆی لەحیزبی تودەنا و پاش ماوەیەک بەکەفالەت لەلایەن دادگای سەربازی تارانەوە ئازاد کرا (٤).

شایەنی باسە سەدیقی هەنجیری کەسایەتییەکی بەدیمەن زۆر سادە و ساکار و خاکی بوو، رەبەن بوو، هیچ کات هەڵپەی ناوبانگ و لێپرسراوێتی حیزبی نەدەکرد، ئۆگری خوێندنەوە و کتێب و قەڵەم بوو، شارەزایی زمانی فەرەنسی هەبوو، حەزی بەوەرگێڕان دەکرد و دەگوترێت کتێبی (مردەهای بی کفن ودفن) لەوەرگێڕانی ئەوە. بەپێی ئەسنادی ئینفرادی ساواک، ناوبراو هەمیشە بەهۆی ئۆگریی و خولیای بیری سۆسیالیستخواهانەی لەژێر چاوێری دابووە و لەساڵەکانی ١٩٥٧ - ١٩٥٩دا بەقازانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵسوڕایەوە (٥).

پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لەباشووری کوردستان بەڕێبەرایەتی پارتی و بارزانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسایەی رێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵای ئیسحاقی)دا، بەگەرمی باوەشیان بەو شۆڕشەدا کردوو و لەهەموو رووبەکەوە: سیاسی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی، چەکداری و بەشداری کردنی شەڕەکان و هەروەها دابینکردنی پێویستییە ماددیەکانی هێزی پێشمەرگە، یارمەتی گەورە و کاری بێ دریغیان، پێشکەش بەو شۆڕشە کرد. هەروەها لەم قۆناغەدا ململانێتی و ناکۆکیە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێوان رابەری فیعلی حیزب ئەحمەد تۆفیق و هەندێک لە کادێرەکانی حیزب لەلاوە خوێن گەرمە چەپەکانی لەدوای ساڵی ١٩٦٣ لەژێر فشاری رژێمی شاهەنشاهی هەڵاتبوونە کوردستان بەتوندی سەری هەڵدابوو. ئەو ململانێیەی لەنێوان دوو فیکر و رەوتی کارکردنی جیاواز و لەسەر هەڵپەی گرتنە دەستی دەسەڵات و جڵەوی حیزب بوو. هەرچی ئەحمەد تۆفیقە بیرێکی نەتەوەیی کوردستانی هەبوو، لەگەڵ هاوکاری و پشتگیری و بەشداری کردن لەشۆڕشی کوردستان دابوو، دۆستایەتی مەلا مستەفای بارزانی پێ مەسەلەیەکی گرنگ و بنەڕەتی بوو، دژی بەستنەوەی حیزبی دیموکرات بوو بەفیکری ئێرانچێتی و وابەستەیی بەحیزبی تودە، لەگەڵ خۆهەڵواسین بەبلۆکی سۆسیالیستی و رەوتی شورەوییەرستیدا نەبوو، هاوکاری هەموو چین و توێژەکانی بەموڵکدار و دەرەبەگەکانی کوردیشەوە بۆ سەرکەوتنی جوڵانەوەی سەربەخۆ خوازی نەتەوەیی کوردستان بەپێویست دەزانی. بەپێچەوانەوە نەیارانی فیکرێکی نانەتەوەییان هەبوو، مەسەلەی شۆڕشی کوردستان و پەیوەندییان لەگەڵ مەلا مستەفادا پێ مەسەلەیەکی بایەخدار نەبوو، بڕوایان بەئێرانی بوونی خۆیان و هاوبەستەگی لەگەڵ حیزبی تودە لەسایەی ئەنتەرناسیونالیزمی نێو نەتەوەیی و بلۆکی سۆسیالیستیدا هەبوو، خۆیان پێ مارکسیستێکی رووت و دوژمنی خوێن خۆری دەرەبەگی کورد بوو.

لەڕاستیدا، سەدیقی هەنجیری لەساڵی ١٩٦٤ و لەسەر داوای خۆی لەکارەکەی خانەنشین کراو و کاتێک لەپایزی ئەو ساڵە هاتە باشووری کوردستان تەقریبەن ململانێی و دەستەبەندییەکانی نێو حیزبی دیموکرات و ئەوانەی بەناوی (کۆمەڵەی



سەرچاوە
Serchawe

رزگـاری کوردسـتان) و (کۆمیتـەی سـاخ کـەرەوە) جیابـبونـەوە، بـێ هـیچ خـوێن رێژییـەک کۆتـایی هـاتبوو. دیـارە رۆڵـی مـەلا مستەفا بارزانی لەپشتگیریکردنی ئەحمەد تۆفیق لەبەرامبەر نەیارە شەخسی و فیکری و حیزبییەکانیدا و سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا یەکلاکەرەوە بوو، لەبەرامبەردا (مەکتەبی سیاسی) پارتی کەدوژمنی ئەحمەد تۆفیق بوون و پشتگیری نەیارانیش دەکـرد، نـەیـانتوانی بـەهـۆی شکسـتییان لـەبـەرامبـەر بارزانیـدا تـاسـەر بیانپـارێزێن و لـەناوچـەکـانی خۆیـانـدا رایـانگرن. **لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤، لەگوندی (سون)ی داوێنی چیای (مامەندە)، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد،** راپۆرتی سکرتێری حیزب لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە خوێندرایەوە، شایەنی باسە سەدیقی هەنجیری وەک رێکخەری دانیشتنەکان و بەسەر راگەیشتنی وەرگرتنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان لە کۆنگرە هەڵدەسوڕا، **پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، سەدیقی هەنجیری بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.**

وێـڕای ئـەوەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان پـاش کـۆنگرەی دووهـەمی چالاکییـەکـانی زیـاتر پـەرەیـان سـەنـد و سـەردانـی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەستیانپێکردەوە و خودی سکرتێری حیزب واتە ئەحمەد تۆفیق چەند جەولـە یەکی بەنێو گوندە سنورییەکاندا کرد، بەڵام ناتەبایی و ناکۆکییـەکـانی نێـو رێبـەرایـەتی کۆتـایی نـەهـات و سـەرکردایـەتی حیزبی لەحاڵەتێکی شل و شێواویدا هێشتبۆوە. سەدیقی هەنجیری کەدوای کۆنگرە ببوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەحـوکمی بیروباوری مارکسیست و چەپـی تایبـەت بـەخۆی چەنـد کـادیرێکی رێبـەرایـەتی وەک سولـەیمـانی موعینی و حـەمـەدەمینـی سیراجی لێ ئالابوون و بەپێچەوانەی بڕیـارەکـانی کۆنگرەی دووەم و ئاگـاداری ئـەحمـەد تـۆفیقی سکرتێری حیـزب، ئـەندامـە دەرکـراوەکـانی کۆمیتـەی سـاخ کـەرەوەی وەک: **سەعید کاوە، حەسەنی رستگار، مەلا ئاوارە** گێڕرانـەوە و کرانـە مشـاویری کۆمیتەی ناوەندی. مەسەلـەیـەکـی وا کـەئـەحمەد تـۆفیقی زویـر کـرد. هـەر بۆیـە نـاوبراو دوای ئـەوە لـەگـەڵ چـەنـد کـادیر و پێشـمەرگەی پـەیـوەسـت بـەخـۆی چـووە بنکـەی شـێخان و بـەئامـانجی کـارکردن بـۆ گـەڕانـەوە و چـالاکی لـەنێوخـۆیی وڵات و خۆرێکخستنەوە کەوتە کار. وەک هەژار دەڵێت: (ئەحمەد تۆفیق زۆر بەزاکون و مورەتتەب بوو، پێشمەرگەی ئەو دەرسیان دەخوێند، هەمیشە کاریان دەکرد، کەس زاتی نەبوو لەخەت لادا.. زۆرجار میوانی دەبووم و بـەو تـەنـزیم و رێـک و پێکییـەی زۆرم دڵ خۆش دەبوو) (٦).

شایـەنـی باسـە دەرکـەوتنـەوەی جموجـۆڵی پێشـمەرگـەی حیزبـی دیمـوکرات لـەسـەر سنورەکـانی ئێـران و ئـەنجامدانی چـەنـد چـالاکییەک لـەنێوچـەکـانی لاجـان و مـەنگوڕایـەتـی رژێمـی شـاهەنشـاهی هاروژانـد، ئـەو رژێمـەی کـە لـەڕێگـای سـاواک و بـە قۆزتنەوەی نزیکایەتی لەسەرکردایـەتی شۆڕشی کوردستان و بـەهـۆی ئـەو نفـوزە زۆر و تـۆڕە جاسوسییە بـەرفاوانـەی دایـان مەزرانـدبوو، راستـەوخـۆ بـۆ بنکـۆڵکردنی حیزبـی دیمـوکرات و لێـدانی سـەرکردایـەتییـەکی کـەوتنـە کـار. لـەلایـەکـەوە مـەلا



سەرچاوە
Serchawe

مستەفایان ناچار کرد ئەحمەد تۆفیقی سکرتێری حیزب بۆ ناوچەی (کانی ماسی) بەرواری باڵا لەنزیک سنوری تورکیا دوور بخاتەوە. لەلایەکی تریشەوە کەوتنە راوکردنی هێندێک لەکادێرەکانی حیزب و داوایان لەلێپرسراوانی شۆڕش دەکرد، تەحویلیان بدەنەوە، ئەو لێپرسراوانەی کەهێندێکیان بەئاشکرا ببونە کەواسووری پێش ساواک و لێرە و لەوی ئەندامانی حیزبی دیموکراتیان تەسلیم دەکردنەوە. شایەنی باسە زۆر بەسەر دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی تێنەپەڕیبوو کە پیلانێک بۆ تەحویل دانەوەی ناوبراو بەساواک لەلایەن مەلا مستەفاوە پووچەڵ کرایەوە، پاش ئەوەی دۆستێکی ئەحمەد تۆفیق، مەلا مستەفای ئاگادار کردبۆوە لەو پیلانە.

دروست لەبانەمەڕی ١٩٦٦ و چەند رۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیقی هەنجیری و سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوە لەگوندی (دەربەند)ی باڵەکایەتی لەدۆڵێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی (خالیدی حیسامی شێواوی شاعیر) لەمامە رووت. سەدیقی هەنجیری بەمە بەستی مانەوە و دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەند و خۆی لەماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەوە ئیدی کەس سەدیقی هەنجیری نەدیتەوە و شوێنەون کرا (٧).

لەڕاستیدا تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی وورد سەبارەت بێ سەر و شوێن کردنی سەدیقی هەنجیری نەکراوە، چ بەڵگەیەکی ئەوتۆش بەدەستەوە نییە بۆ دەستنیشانکردنی ووردی ئەوانەی شوێنەواریان کرد. بەڵام بەپێی ئەو وتەیەی دەڵێت: (کەس دۆستی ژێرکەوتوو نییە) کاتی خۆی و بەم دواییەش کەسانێک هەبون کەزۆربەیان نەیار و ناحەزی ئەحمەد تۆفیق بوون وەک: سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سیراجی، کەریمی حیسامی، سەعید کاوە، عەبدوڵا حەسەن زادە و محەمەدی خزری، بەڕاشکاوی و بێ هیچ بەڵگەیەک ئەو کارەیان خستۆتە ئەستۆی ناوبراو، تەنانەت نووسەری ئەم دێڕانەش پێشتر لەلێکۆڵینەوەیەکیدا بێ ووردبوونەوە و پشت بەبیرەوەری ئەوانەی ناویان هاتووە، ئۆباڵی رفاندن و کوشتنی سەدیقی هەنجیری خستۆتە ملی ئەحمەد تۆفیق (٨)، کەئێستا پاش خوێندنەوەیەکی مۆڵترم بۆ رووداوەکە هەست دەکەم کەبڕیارەکەم لەو بارەیەوە راستی نەپێکاوە. چۆن؟

وەک گوترا، سەدیقی هەنجیری چەند رۆژێک پێش شەڕە بەناوبانگەکەی هەندرێن لەگوندی مامە رووت و لەماڵی خالیدی حیسامی شوێنەون کرا، لەم کاتەدا ئەحمەد تۆفیق نێزیک بەمانگێک بوو لەلایەن مەلا مستەفاوە تەبعید کرابوو و لەناوچەی باڵەکایەتیدا نەمابوو، تێکڕای سەرچاوەکانیش لەسەر ئەو راستییە کۆکن، بۆ نموونە هەژار (چێشتی مجێور)دا دەڵێت:

(کوردێکی سابڵاغی بەناوی (سدیق ئەنجیری) ماوەیەک بوو لەتارانەوە (دەربەند)... تاریفی خوێندەواری و زانایيان دەکرد، پیاوێکی هێدی و هێمن و لەسەرخۆ بوو. لەو سەردەمانەدا کەئەحمەد دوورخرابۆوە بۆ سنوری تورکیا و ئێمە لە (لێوژە)

بووین، رۆژێک لەگەڵ سەعید ناوێک (کە بەچاوێک بوو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە رۆژ مانەوە. رۆژانە خۆی سەعید دەچوونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆ و شەو دەهاتنەوە و تەواو هۆگری سدیق ببوین. چەند جارێک لەمەکتەبی سیاسیەوە - کەزۆرمان لێ نزیک بوو - خەبەریان داینێ کەئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، بالەو نزیکە نەمێنێ. سامی و من حاشامان کرد و جوابمان نەدانەوە. رۆژێک دەبوایە دوو رۆژنامەنووس و فیلم بەرداری ئەڵەمانی بێنە لامان لەلێوژە.

**کاک سامی بەسدیقی گوت:**

(ئەمرۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناودارانە کەهەموو رۆژ لەوی دادەنیشن. چونکە نازانین کی لەگەڵ ئەو ئەڵەمانیانە دێ، لە وانەیە جاسوسی ئێرانی دەگەڵیان کەوتبێ). سەدیق لەو قسەیە نارەحەت بوو، گوتی: (دیارە دەتەوێ رام نەگری). ئیتر بێ خواحافیزی کردن لەگەڵ سەعیدە کوێر رۆیشتن. چوینە جێگەی رادیۆ لە (گردێم)، ببونە میوانی (خالیداغای حیسامی) گوتبووی هێلکەی هەیە چۆنی دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: (دەچم لەو دەم چەمە پنگە دێنم، کوکی دروست ئەکەین). ئیتر ئەو روینە بوو نەهاتەوە و بێ سەر و شوێن چوو، کەس خەبەری نەزانی (٩).

**هەروەها لەنامەکەی (حەمەدەمینی سیراجی)** کە لە ٦ی ژانویە ١٩٨٩دا سەبارەت بەو رووداوە بۆ کەریمی حیسامی ناردووە، دوور خستنەوەی ئەحمەد تۆفیقی پێش رووداوی بێ سەر و شوێنکردنی سەدیق باسکردووە (١٠)، (سەعید کاوە)ش کەرۆژێک پێش دیار نەمانی سەدیق لەبانەمەڕی ١٣٤٥ - ١٩٦٦ چوونەتە لای خالید ئاغا، لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویە (کەوتینە ساڵی ١٣٤٥ە ١٩٦٦ز، ماوەیەک بوو هیچ هەواڵ و سەر و سەدایەک لەکاک عەبدوڵا (ئەحمەد تۆفیق) نەبوو. پاش پرسیار لەم و لەو بۆمان دەرکەوت کە لەناوچەی باڵەکایەتی نەماوە و چۆتە مەڵبەندی بادینان لەگوندی کونەماسی (کانی ماسیە-ن) نیشتەجێیە. بڵاوبۆوە کەمەلا مستەفا ناوبراوی دوورخستۆتەوە) (١١).

(**محەمەد خزری**) کە لەبیرەوەرییەکانیدا زیاتر لەخەڵکانی دیکە پەلاماری ئەحمەد تۆفیق دەدات و بێ سەر و شوێن کردنی سەدیقی هەنجیری دەخاتە ئەستۆی وی. بەراشکاوی دووجار باس لەدوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق دەکات لەناوچەی باڵەکایەتی. جارێکیان لەسەر زمانی مەلا ئاوارەوە، جارێکی دیکەش لەسەر زمانی خودی سەدیقی هەنجیرییەوە دەڵێت: کە سەدیق (گوتی کاک ئەمیر و سەید رەسول نازانن کەئەحمەد لێرە نەماوە و بۆ ناوچەی بادینان تەبعید کراوە؟) (١٢).

**کاک رەئووف مەلا حسێن** کەماوەیەک بەرپرسی بنکەی (سونی)ی حیزبی دیموکرات و ئەوکاتە لەبنکەی شێخان بوو، لە وەڵامی پرسیارێکدا کەئایا ئەحمەد تۆفیق چ دەستێکی لەو بێ سەر و شوێن کردنەی سەدیقدا هەبووە: گوتی (ناوەڵاهی کاک



سەرچاوە Serchawe

ئەحمەد تۆفیق ئەوکات زیاتر لەمانگێک بوو لەو ناوە دوور خرابۆوە، چەندە گورگ پەیوەندییان بەخوێنەکەی یوسفەوە هەبووە، ئەحمەدی بێ ئاگاش هەر ئەوەندە دەستی لەو کارەدا هەبووە) (١٣).

لەو بارەیەوە (حەمەی نێرگز)یش گوتی: (من رۆڵی ئەحمەد تۆفیقم لەبێ سەر و شوێن کردنی سەدیقی هەنجیری لە کەسانی دژ بەئەحمەد بیستووە، جارێک بۆ خۆم ئەو مەوزوعەم لەگەڵ ئەحمەددا کردەوە، ئەحمەد واباسی لەمەسەلەکە دەکرد وەک ئەوەی کەسێکی دۆستی لەدەست چووبێت، نەک وەک یەکێک کەخۆی دەستی لەلەنێو بردنیدا هەبووبێت) (١٤).

وەک یەکێک کەسەبارەت بەو مەسەلەیە زۆرم پرسیوە و سەرچاوەکانیشم بەسەر کردوونەتەوە. پێم وایە ئەوەی کە (سویفی ریزوانی/ عەبدوڵا شلێر) لەو بارەیەوە لەنامەیەکیدا بۆ کاک (عەلی کەریمی) درکاندووە، زیاتر جێگای سەرنجە ناوبراو نووسیویە:

(کاک سەدیقی ئەنجیری بەمەزلۆومی لەدایک بوو و بەمەزلۆومی بەهۆی سازمانی ئەمنیەتی شاهەنشاهی لەعێراق بە دەستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی عێراق (زەکی کامیل) خەڵکی ئاکری کەپێشمەرگەیەکی کاربەدەستی پ.د.ک بوو شەهید کرا و کوژرا (١٥).

شایەنی باسە، مەسەلەی کێشە و بەگژ یەکتر داچوونەوەی سەدیقی هەنجیری و زەکی ئاکرەیی مەسەلەیەکی شاراوە نییە و کاتی خۆشی زۆر بڵاوە بوو. وەک ئەوەی محەممەدی خزری لەبیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات و ماوەیەک پێش شوێنەونکردنی سەدیق پرسیاری لەبارەوە کردووە و دەڵێت: (پرسیاری کێشە و دەمە تەقەی خۆی و زەکی ئاکرەییم لێکرد؟) گوتی: (شتێکی زۆر گرنگ نەبوو ئێوە ئەوەتان لەکوێ زانیوەتەوە؟)

گوتم: ئێمە لەوڵات بیستمانەوە، کە لەقاوەخانەی مستەفا سولەیمانی، لەدەربەن، زەکی هاتووتە ژوور ئێوەش لێوە بوونە، گوایە زەکی قسەی بێ ئەدەبانەی کردووە، هەتا ئەو جێگایە کەگوتوویە ئێوە هەقتان نییە بێنە سەرجادە و.. پاشان ئێوەش دایگژوانێ... و یەکی لەلێپرسراوانی شۆرش کە، دەگەڵ زەکی دەبێ، دەکەوێتە بەرپوانی و پێش دەرگیری ئێوە و زەکی دەگری (١٦).

هەروەها کاتێک کاک حەمە رەسوڵی باوکی سەدیق بۆ سۆراغی کورەکەی هاتە باڵەکایەتی و دواتر لە (خەلان) چاوی بە مەلا مستەفا کەوت، مەلا مستەفا داوای لەئیدریس کرد بەو مەسەلەیەدا رابگا و هەروەها دڵی کاک حەمە رەسوڵی داوە و پێی گوت: (مامە نارەحەت مەبە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی ئیشاڵلا کورەکەت وەدی دیت و پێک شاد ئەبنەوە) (١٧).



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها کاتێک لەجۆزەردانی ١٣٤٥/ حوزەیرانی ١٩٦٦ بەشێک لەکادێرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە (دۆڵە رەقە) کۆبوونەوە و سەبارەت بەبێ سەر و شوێن کردنی سەدیقی هەنجیری شتێکیان یاداشت کرد کەدواتر سولەیمانی موعینی تەسلیمی بارەگای بارزانی کردبوو. نەک هەر ئەو لێکۆڵینەوەی کەئیدریس دەبوایە بیکا و ئەو داوایەی کۆبوونەوەی دۆڵە رەقە تائێستاش وەڵامی نەهاتۆتەوە، بەڵکو وردەوردە ئەو کادێرانەش ژیانیان کەوتە مەترسی و تووشی راوە دوونان و تەحویل دانەوە بوون.

**کاک خالیدی حیسامی گەر بیەوێت رەنگ بێت بتوانێت شتێک راستی لەبارەی مەسەلەی سەدیقەوە روون بکاتەوە، زەکی ئاکرەیش گەرما بێت پێویستە قسەی خۆی هەبێت، بەئومێدی ئەوەی داهاتوو بەڵگەی زیاترمان لەمەڕ رابردوو بخاتە بەردەست.**

## سەرچاوەکان:


١- سیامەند بایەزیدی، ئەحمەد تۆفیق و ئیسماعیل قاسملۆ و عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ٢٦ - ١ - ٢٠٠٦، سایتی: www.dimane.com

٢- بڕوانە: د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران (١٩٤١ - ١٩٨٣)، سلێمانی، ٢٠٠٥ - ل ٧٠ - ٧٧.

٣- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١٥٥ - ١٥٦.

٤- چپ در ایران، بەروایت اسناد ساواک، حزب دموکرات کردستان، جلد ڕول، چاپ ڕول، تهران، ١٣٧٨، ێ ٢٥٣.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل ٤٧٦.

٧- سەعید کاوە، ئاوڕێک لە بەسەرهاتەکانی خۆم و رووداوەکانی نێو حیزبی دیوکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل ١٥١ - ١٥٥.

٨- یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران لەساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨، ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بڵاوکردنەوەی: شازین هێرش، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٢.

٩- ل ٤٩٠ - ٤٩١.

١٠- کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم ١٩٧٠ - ١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٠، ل ٦.

١١- سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٥٤.




سەرچاوە Serchawe

١٢- محەمەد خزری، لاپەڕەیەک لەتێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢ - ٤٧ (١٩٦٣ - ١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سوید، ٢٠٠٣، ل ٩٥ - ٩٦ - ٩٨.

١٣- چاوپێکەوتن، سلێمانی، ١٣- ٤ - ٢٠٠٦.

١٤- چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢١ - ٤ - ٢٠٠٦.

١٥- عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیعی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٩٤.

١٦- سەرچاوەی ناوبراو، ل ٩٧.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل ١١٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیمانە - ٢٠٠٦



سەرچاوە
Serchawe

## شەهیدێکی بێ مەزار....



**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز**

**بەشی؛ ١**

**داوایـان لێکـردوم لەسـەر شـەهیدی بـێ سەرووشـوێن کـراوو کـاک سـەدیقی ئەنجیـری ئـازەر بابەتێـک بنوسم هەرچەنـد مـن لە کتێبەکەمدا یادێکم لێکردۆتەوەو هێندێکم نوسیوە بەڵام نەمتوانی بێ دڵی ئەو دۆستە ئازیزانە بکەم و وا لێرەدا بە کورتیش ئاماژەیکی پێ دەکەم.**

**کاک سەدیقی شەهید خەلکی شاری تێکۆشەرانی کۆمـاری کوردستان مەهابـادی سەربەرز بـوو. لە بنەمـاڵەیکی کاسپکاری ئەو سەردەمەدا پەروەردە بوو، خوێندنی سەرەتایی و دبیرستانی تەواو کردبـوو لە زمـانی فەرەنسـەویدا شـارەزایی باشی هەبـوو. کوری میرزا حەمە ڕەسول و خاتوو ئایشەی بوو، برایکی ناوەکەیم لەبیر نەمـاوە هـاو عـومروو هـاودەورەی وەرزشی ئێمە بـوو لایەنگرو هۆگری زۆرانبازی بوو، وەک زانیم هەر لە تەمرین و راهێنانی ئەو یاریەشدا گیانی لەدەست دا یادی بەخێر**

ئینسانێکی زۆر دڵ پاکو خۆشەویستی خەڵک بوو.

کاک سەدیق دەبێ تەمەنەکەی و لەدایک بوی نێوان ساڵەکانی ١٩٢١ و ٢٢ دابێ چونکە لە زەمانی کۆماردا لە نێو خوێندکاران و ڕوناکبیرانی ئەوکاتدا جێ دەستی دیارە و نوسراوەی لە کۆڤاری کوردستان و گروگاڵی منداڵان و ئاڵەکۆکدا هەبوە. ئینسانێکی زۆر سادەو ساکارو خۆنەویست بوو، پڕ بە دڵ ڕقی لەو کەسە هەڵدەستا تاریفی لێکردبا، بۆ پاکوو خاوێنی و ژینگە پارێزی هەروەک لە وڵاتی سوئێد دەورەی دیبێ وابوو. زۆر جاران بەهاران کە لە ناوچەی پشدەرو قەڵادزەو سەنگەسەرو بناری قەندیل وێکڕا دەڕۆیشتین لەپڕ ڕوی دەبرادەرێک دەکرد ئەگەر لە ڕاستە ڕێگاکە لایدابا بە تووڕەیەوە دەیگوت ئەتۆ کە بەڕاستە ڕێگاکەدا ناڕۆیی و ئەو گیایە دەشێلی ئەوە قەتڵە ئەوانەش وەکوو تۆ گیانیان دەبەردایە.

جارێکیان من لە قەراخەوە دەرۆیشتم لە راستی سەید ئەحمەدانی سەر ڕێگای سونێ لەپڕ وا بەتوڕەیی قیژاندی و گوتی کاک ڕەسوڵ بۆ دیسان قەتڵ دەکەی، منیش لەو تورەتر گوتم ئەدی لاقەکانم دەبن هەنگڵ بنێمو بڕۆم... چەند کاتژمێرێک یەکترمان نەدەدواند کەچی هاتە لامەوەو کوتی ڕەسوڵ گیان نارەحەت مەبە بەخۆم نیە جاروبار ئەو حاڵەتەم بەسەردادێ، ئیتر هەزار خۆزگەم بە دڵوو دەروون و یەکتر خۆش ویستنی ئەوکاتانە کە هەموومان دڵمان بەرانبەر یەکتر وەک ئاوێنە سافوو پاک بوو، یەکترمان لە ئامێز کرتوو هەموو شتێک تەواو بوو. بەقەولی برادەرێکی خۆشەویستی قەڵادزێیم نەمر کاک حەمە سوری مینە عارەب لە جێگایک باسی ئێمە کرابوو کە گوایە لەناو ئێمەشدا لەسەر مەکتەبی سیاسی کۆن و بارزانی کێشە هەیە ئەویش گوتبوی وەڵا کاکە ئەگەر لێک کۆدەبنەوە هەموویان دەڵێیی لە یەک دایک و باب بوون ، جا بەراستی وابوین ئەوکات.

کاک سەدیق لەدوای نەمانی کۆمار کەوتە تارانەوەو لەوێ ماوەیک لە گوندێکی نزیک تاران مامۆستای قوتابخانەیک بووەو پاشان بەهۆی زانیاری و زیرەکی لە ئیدارەی فەرهەنگ وەک کارمەند دامەزراوەو هەر لەوکاتیشدا هاوکاری بەرچاوی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران کردوە هەر لەوکاتدا رۆژێک لە تەشریفاتی ٤ی ئابان دا خۆی لە حەمە ڕەزا شا نزیک کردۆتەوە چەند دانە ڕۆژنامەی حیزبی تودەی بە چرووچاوی دا داوە ئیتر بە لێدان و کوتان و پێدادان بۆ زیندانیان بردوەو چەندجاران توشی زیندان و لێدان بۆتەوە. لەگەڵ هەموو ئارامیەکەی هەیبوە ئینسانێکی یەکجار بوێرو چاوە نەترس بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ منو شەهید سولێمانی موعێنی و شەهید مینە شەم و عەبدول نەستانی و کەریم نەستانی سەفەرێکی ٣ مانگەی ڕۆژهەلاتی کوردستانمان کردەوە هەر لەو سەفەرە شەهید سولێمان نامەیکی بۆ کاک سەدیق نارد بۆ تاران و ولامەکەشی وابزانم بە یەکێک لە بنەماڵەی قازی دا بۆ هاتەوە، نامەکەی نیشانی من دا و زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە قەولی داوە هەتا چەند مانگی دیکە خۆیی ئامادە بکا بۆ هاتن بۆلای ئێمە. بەدوای هاتنەوەماندا دەنگۆی کێشەو هەرای ئێمە لەگەڵ

شەهید ئەحمەد تۆفیق کە زۆر گەورە بۆووو ئێمە کەوتینە لای مەکتەبی سیاسی کۆن و پێکهێنانی کومیتەی ساخکەرەوە. لە ئاخری هاوینی ١٩٦٤دا شەهید سولێمان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیک چونەوە بۆ نانگەوازی و لێگێرانەوەی ئەندامانی کۆنگرەی ٢ و هێنانی کاک سەدیق وە لەویَ ئەو ئەرکەیان بە شەهید سەید رەسولی بابی گەورە ئەسپارد، ئەویش بۆخۆی دەچێ بۆ تاران و لەگەڵ خۆی دەیهێنێ بۆ کەڵەکۆکە گوندەکەی خۆیان دوایە هەر لە رێگای برادەرانی حیزبییەوە گەیاندیانە گوندی سونێ. کاک سەدیق لە کۆنگرەدا رۆڵێکی زۆر گرینگ و بەرچاوی هەبوو زۆری لە توندوو تیژیەکانی شەهید ئەحمەد تۆفیق کەم کردەوە، دارشتنی پەیرەوو پرۆگرامی حیزب بە تەواوی جێ دەستی ئەوی پێوە دیارە، گۆرینی هەڵوێستی توندی کاک ئەحمەد تۆفیق لەسەر کومیتەی ساخکەرەوە هەر لە ژێر تەئسیری ئەودا بوو ....

لەو کاتەدا ئێمە ١٥ نەفەر لە ئەندامانی کومیتەی ساخکەرەوە وەک شەهید سمایلی شەریفزادەو نەمر کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک سالاری حەیدەری و زۆری دیکە بەرەو کۆنگرە چوین وپێشیان بە ئێمە گرت و بوو بە راپسان لێکترازان ئەگەر کاک سەدیق نەبایە خوێن تێدا دەرژا، دیارە لەبنەوەدا بەدزی شەهید ئەحمەد تۆفیق، شەهید سولێمان بە تەواوی پاڵ پشتی بوو دوای گەرانەوەی ئێمە بۆ قەڵادزەو دەعوەت کردنی منو کاک حەسەنی رەستگار و مامەندی قازی(قادری قازی) بۆ کۆنگرە هەر لەژێر فشاری ئەودابو. کاتی گەیشتنی ئێمە ئەوان لەبەر سەرما و تەرزە لە شاخ هاتبوونە خوارێ و لە مزگەوتی سوونێ بوون و زۆر لە ئەندامانی ناوخۆیی وڵات گەرابونەوە، بەگەیشتنی ئێمە هەموو لایک یادیان بەخێر بوو بە ماچ و دە ئامێزگرتن، لە نێو میحرابی مزگەوتەکە شەهید ئەحمەد تۆفیق من و کاک حەسەن رەستگاری دە ئامێز گرتوو گوتی ئەو برا خۆشەویستانەمان بەخۆشیەو هاتنەوە باوەشی گەرمی حیزبەکەی خۆیان، هەر ئەوکات و سەرەتای کێشەمان لەگەل شەهید ئەحمەد تۆفیق منوو کاک محەمەدی ئیلخانی زادە بۆ کاک ئەحمەدمان کردبوو بە نوکتەو دەمانگوت باوەشی کاک ئەحمەد حیزبی دێموکراتە....

تێبینێ: ئاگادار کرام کە هێنانی شەهید سەدیقی ئەنجیری ئازەر لە تارانەوە کاک مستەفا برا گەورەی سمایل ئاغا مەجید هێناویەتە نەغەدە ماڵێ خۆیان و لەوێشرا بەهۆی شەهید سەید رەسوڵی بسبی گەورە بەرێ دەکرێ بۆ باشوری کوردستان.

١٨ - ٥ - ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## بەشی؛ ٢

نوکتەیکی خۆشی ئەو ڕۆژە حەیفە لەبیر بچێ کاک مونتەقیمی قازی یادی بەخێر قسەی جیدی زۆر کەم بوو هەموو شتێکی هەر گاڵتەو گەپ بوو لەسەر ئەو بەزمانەش بوو ڕادەستی ئێران کرایەوە ئەوکات، ئەوکات حەمەدەمینی راتبی برا چوکەی حەمەدی مەولودە چرچە قارەمانی دەورانی کۆمار لە زینداندا هێندەیان ئازار دابوو ئەعسابی ورد ببو بە کەلیمەی بێم یا دێم تورە دەبوو، بەشی زۆری ئێمەش ئەو کەلیمەمان بەکار دێنا، بەیانی کە لە خەو تازە هەستابوین مونتەقیم ڕوو بە شەهید عەوڵای مەلا عوسمانی هەر دەیگوت بێم بێم بێم مەلا عەوڵاش خەریکی قۆڵی کراسەکەی بوو قەدیم کراسێکی سپی هەبوو سۆرانی هەبوو لەگەڵ چۆغە وێکرا دادەکەندرا، تومەس مەلا عەوڵا کە قۆڵی هەڵکێشابوو نە چۆبوو ناو کراسەکەوە لەپڕ ڕوی دە مونتەقیم کردو گوتی ئەرێ هەتیوە سابڵاغیە ئەو بێمە بێمەت لەچیە هەرچی لەوڵاڕا دێ دەڵێ خزمی قازی محەمەدم لەداخی تۆ و ئەو بێمە بێمەت لەدوێنێوە کراسم دەبەرکردۆتەوە قۆڵم دەکراسکەم هەڵنەکێشاوە، جاوەرە ئێمەش پێبکەنین..

دوای دوو شەوو ڕۆژ لەگەڵ برادەران ئێمە هاتینەوە قەڵادزێ و ڕۆژێک توشی هەر برادەرێک بام دەیانگوت کاک سولێمان(موعێنی) دوکان بە دوکان لەتۆ دەگەرێ، کاتێک یەکترمان دیتەوە کاک سەدیقی لەگەڵ بوو دوای هەواڵ پرسی شەهید سولێمان جیای کردمەوەو گوتی کاک سەدیق زۆر هیلاکوو ماندویە دەمێکیشە لە خواردنەوە دوورکەوتۆتەوە دەبێ شوێنێکی وامان بۆ پەیدا بکەی ماڵێ سەڵتان (موجەرەد) بێ و بۆخۆمان کێشت پێباشە با چەند شەوێک لێک خڕ دەبینەوە ئێتر ٥ دیناری دامێ کە بۆ ئەوکاتی زۆر بوو، لەبەر ئەوەی ئەو باسەم بە درێژی دە کتێبەکەمدا نوسیوە زۆری درێژ ناکەمەوە، شەوی یەکەم لە ماڵی حەمەی حاجی سەعیدی سەردەشتی برادەرم یادی بەخێر دامانا کە لە سوئێد بە خوسرەو ناسراوە ئەو شەوە بریتی بوین لە کاک حەسەن ڕەستگار، نەمر کاک مینەی سیراجی، سالاری حەیدەری، شەهیدان سمایلی شەریفزادەو سولێمان موعێنی و کاک سەدیق و بۆخۆشم. من زۆرم شتی کۆن و چەک کردنی خۆمان بەدەستی بارزانی و توندو تیژیەکانی شەهید ئەحمەد توفیق باس دەکرد، یادی بەخێر کاک سەدیق هەر بۆخۆی ئینسانێکی حەساس و بەزەیی بوو بەتایبەتی ئەگەر تۆزێک مەشرۆبی خواردباوە زۆرتر هاڵۆز دەبوو، هەر چوار شەوەکەی داخی ئەحمەد تۆفیقی بە شەهید سولێمانی فەقیر دەڕشت و شتی وای لەسەر ئێمە بە ویشوو بە شەهید ئەحمەد تۆفیق دەکووت کە بۆ باس کردن نابێ. هێندێک شەوان دەمانکردە گۆرانی کوتن ئەوکات نەمر کاک مەحەمەدی مامڵێ گۆرانیەکی هەبوو بەناوی هەوری لار بەقەولی برادەران ئەمن ئەو گۆرانیەم زۆر چاک دەگوت هەر جارێک کە دەمگوت لەوڵاتی خۆمان کێوێک دیارە... بەقەد ئەو کێوە خەم لەدڵم بارە ،جاری وا هەبوو چەند جار ئەو بەندەی پێ دووپات دەکردمەوەو هەمو جارێکیش ماچی دەکردم چونکە ئەوکات

خەبەرێک لە کرۆنا نەبو دەشیگوت ئەو بەندە هێندە مەعنادارە یەک کتێب هەڵدەگرێ. کاک سەدیق دوای کۆنگرەو دور خرانەوەی شەهید ئەحمەد تۆفیق و گەڕانەوەی من و کاک حەسەن ڕەستگارو کاک مامەندی قازی و قبوڵ کردنمان وەک مشاویری کۆمیتەی ناوەندی، دەورێکی یەگجار زۆر بەرچاوی دەگێرا بەهاوکاری شەهیدان مەلا ڕەحیمی وێردێ و باپیر شکاک(نەحۆ) و سولێمان موعێنی. چەند جار چاوی بە بارزانی کەوت و دیاربوو دڵی بارزانی بۆلای خۆیی ڕاکێشابوو، قەولی پێدابوو کە بە هیچ شێوەیک کارێکی وا ناکەین گیرو گرفت بۆ وان بێتە پێشەوە، بەهەمو شێوەیک دژی چەکداربوونی هەموو برادەرانی خۆمان بوو لە ناو باشوری کوردستان دا، شێوەکارێکی زۆر نەهێنی و تەشکیلاتی دەناو برادەراندا دەست پێکرد بوو لە هەموو دانیشتن و لێک خڕ بونەوەیکدا فێربوون و خوێندنەوەو شێوە دانانی کلاسی بەدەستەوە بوو. زۆر بە خاکی وخۆماڵی دەژیا دەیتوانی بەساڵ لە شوێنێک کە بۆیان دیاری کردبا بژی بەبێ ئەوەی خۆی دەرخا. بەڵام بەداخەوە ئەو دەستی ناپاکی کە نەخشەی شەهید کردنی کاک سەدیقی داڕشت هەموو هیواو ئومێدەکانی ئیدی بێ مراد هێشتەوەو بوو بەهۆی ترسوو خۆفێک دەناوماندا. کەس هۆشی کەسی نەبوو، هەر لەو کاتیش دابوو مونتەقیمی قازی گیراو ڕادەستی ئێران کرایەوە. شەهید سولێمان کە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیک لە گوندی دێرێ پشتی سەر کەپکان بوو داواکرا بە ناوی مەکتەبی سیاسیەوە کە بچێت بۆلایان و ئەویش دەرکەوت ڕاست نیەو برادەرانی مەکتەبی سیاسی کوتبویان ئێمە داوامان نەکردوە، ئیتر پێیی وادەبێ داوەو بۆیان داناوەتەوە دەیان هەوێ بەدەردی مونتەقیم و کاک سەدیقی بەرن و ڕادەستی ئێرانی کەنەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان گەڕایەوە سەرسنوری دەستکردی پشتی گوندی ئاڵوەتان و لەوێڕا نامەی بۆ من نوسیوە بۆ گوندی هێرۆ کە لە کتێبەکەمدا هەیە بە عەینی کات و ڕۆژی بەهاری ١٩٦٧...

١٩ - ٥ - ٢٠٢٠

---

## بەشی: ٣

بێ سەروشوێن بوونی کاک سدیق زۆری لەبارەیدا کوتراوەو نوسراوە، نەمر کاک کەریمی حیسامی، کاک مەلا محەممەدی خزری و نەمر کاک سەعید کوێستانی و بۆخۆمو ڕەنگە ئی دیکەش باسیان کردبێ. ئەوەی لە هەموان زیاتر جێگای شکو گومانە ئەو باسەیە کە کاک سەعید و کاک مەلا محەممەد باسیان کردوە کە دروست لەوکاتدا لە نزیک گوندێ، ئازادی حەسەنی برازای شەهید ئەحمەد تۆفیقیان دیوە لە سەیارەی کاک ئیدریس دابەزیوەو کوتویە لای مامم نەماوموو لەگەڵم نەحاواوەتەوەو هاتومەوە ماڵە بابە گەورەی مەبەست ماڵێ مەلا مستەفایە. هەر بۆیەش من پێموایە ئەو جینایەتە قێزەونە و بێ پرنسیپە دەبێ ئەو کردبێتی؛

**یەکەم**: ڕاست بەدوای نەمانی کاک سدیق دا خۆیی ڕادەست کردەوە لە سەدا هەشتای دەستی سازمانی ئەمنیەتی تێدابو،

**دووەم**: حەسەنێکی کە برازای ئەحمەد تۆفیقەو ماوەی زیاتر لە شەش حەوت ساڵە بە بەردەوام لەگەڵی بووە ئاگاداری هەموو کاروو کردەوەیکی نەفەری یەکەمی حیزبی دێموکرات بوە چۆن هەروا بە سوکو هاسانی و بێ لێکۆلینەوە یەکراست دەیبەنە تاران و ژیانی بۆ دابین دەکەن

**سێهەم**: ئەو ئینسانە من لە منداڵیەوە دەیناسم ساڵی ١٩٦٢ کە هەڵاتوە بۆ لای مامی(شەهید ئەحمەد تۆفیق) دایکی کەجیرانی ئێمە بوو بە بەهانەی ئەوەی کە حەسەن دەچێ بۆ زەماوەند هاتوە ڕانکو چۆغەی منی لە دایکم و خێزانم بۆوەرگرتوە و هەڵاتوە بۆ باشوری کوردستان چەند مانگێک پێش ئێمە.

**چوارەم**: هەر لە منداڵیەوە ئینسانێکی بە شەڵتاغ نەحاواوە بووە، بە بەردەوام گیروو گرفتو موشکیلەی بۆ کاک ئەحمەد دروست دەکردو لێیی ببۆ دۆڵپای سەلیمی جەوهەری. ئەو کارە نامرۆڤانەشی کە کردوە خۆیی ڕادەست کردۆتەوە گومانم نیە لەوەی بەبێ ئاگاداری کاک ئەحمەد کردویەتی، چونکە جەوهەرو غیرەتی کاک ئەحمەد قبوڵی وەی نەدەکرد کە کەسێکی وا نزیکی خۆی ئاوا بەسەر شۆری بچێتەوە ژێر فەرمانی ئەو ڕژیمەی کە ئەو لە هەموو عومریدا موبارزەی لە دژ کردوە، هەر ئەوەش بوو بۆ هەمیشە پەیوەندیان پێکەوە پچڕاو کەس نەیبیستەوە جارێک لە جاران بە هیچ شێوەیک تەماسێکیان بەیەکەوە هەبوبێ.

باس لەوە کراوە کە لە کاتی بێ شوێن بوونی کاک سەدیق دا پێشتر لای کاک خالید ئاغای حیسامی(شاعیر) بوەو باسی ئەوەش کراوە کە دەبێ خالید ئاغا ئاگاداری ون بونەکەی بێ. ئەوە هیچ فرێ بەسەر ڕاستیەوە نیەو لەو بارانەوە کاک خالید ئاغا ئینسانێکی زۆر پاکوو شەریف بوە، لەگەل ئەوەی زۆر لە بارزانی و دەوروبەرەکەی نیزیک بوو کەچی لە هەموو حاڵەتەکاندا خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ هەمووی ئێمە هەبوە، عیزەتی نەفسی زۆر بەرز بوو بەرانبەر کۆمارو پێشەوا قازی مەحەمەدو تێکۆشەرانی ڕۆژهەلات. وەک هێندێک کەسی دیکە نەبوو ماستاووچیەتی بکاو بە ناڕەوا بۆ پێ خۆشبونی نەیارانی ئێمە شتی ناڕەوامان بۆ هەڵبەستێ. لەپاش پڕشو بڵاو بوونی جوڵانەوەی ١٩٦٧ و ٦٨ مام هێدی شتێکی بە ناوی شینی هەڤاڵان لەسەر شەهیدەکانمان هۆندەوە کە کەم وێنە بوو، تەواوی زانیاریەکەش من بۆم نوسی کەچی هەر ناویشی نەهێنام بەڵام چونکە هۆنراوەکەی هێندە ئازایانەو بوێرانە بوو بۆ ئەوکاتی ئێمە هیچم لێ دە دڵی نەگرت کە باسی منی نەکردوە تەنیا یەک کۆپلەم لەبیرە کە دەڵێ؛

**سەنگەری مینە شەموو عەوڵایە**

**داخەکەم دەنگی کەسی لێ نایە**

مەبەستی شەهید مینە شەم و عەبدولای موعێنیە. ئەوکاتەی کە ئەو هۆنراوەیەی هۆنیوە خەڵکانی دیکە لە ڕێگاوبـان خۆیـان لە ئێمە لادەدا. هەوڵ دەدەم ئەگەر ئەو هۆنراوەیەم دەستکەوێ بڵاوی دەکەمەوە چونکە باسی هەموو شەهیدەکانی ٦٧ و ٦٨ دەکا.

لەدوای بێ سەرو شوێن بوونی کاک سەدیق لە ڕێگای شەهید سولێمان موعێنیەوە میرزا حەمە ڕەسوڵ بابی شەهید کـاک سدیق هاتبوو بۆ زینوێ شێخی و خەلان، لە ڕێگای هێنـدێک لە برادەرانـی خۆمـانەوە لە گونـدی خەلان نـامەیکی دابـوو بە بـارزانی لێیی پرسیبو مام موشکیلەی تۆ چیە ئەویش باسی ون بـوون و بـێ سەرو شـوێنی کـورەکەی بـۆ کردبـو و زۆر ڕاشکاوانە قسەی لەگەڵ بارزانی کردبوو هەتا کوتبوی جەنابی بـارزانی کوری من هێندە پاکوو بێ گونـاحە تەنـانەت گـورگی کێوانیش نـایخوا. بارزانی یەکێک لە هەرە خسڵەتە چاکەکانی ئەوە بوو زۆر بە وردی گوێی بۆ ئەو کەسانە هەڵدەخست کە شکواو شکایەتیان لای هەبا، بە ئیدرسی کوری کە ئەوکات هەمـوو کـارو فەرمـانێکی بـارزانی بەڕێـوە دەبـرد دەڵـێ بە ئیشی ئەو پیـاوە بکەوەو بزانە کورەکەی چی بەسەر هاتوە دوو جاریش بە مام حەمە ڕەسوڵ دەڵێ ئیشاڵا کورەکەت سەلامەتەو چاوت پێیی دەکەویتەوە.

ئەگەر بمانهەوێ خولاسەی کەینەوە شەهید کاک سەدیقی ئەنجیر ئازەر ئینسانێکی دانـاو زانـاو ئـازاو دڵسۆز بـوو، خەسارێک بـوو لە گەلـی کـورد کەوت و زۆر دژوارە بەو زوانە قەرەبـووی ئەو ئینسـانە بە غەدر شـەهید کـراوە بکـرێتەوە یـادو بیرەوەریەکانی لە دڵی هەموو ئەو کەسانەدا زینـدوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بـۆ یەک جـاریش چاویـان پێکەوتبێ، ڕوحی هەزار جار شاد بێ...

**چەند کۆپلە لە هۆنراوەی شینی هەڤاڵان (هێدی)**

**قالوێ گەورکان**

*١ کاکەمین ئەو سەرو بەندەی چۆنە؟
دڵی سوتاوی دەکا سەر کۆنە؟
داخوا سارێژ نەبوە کۆنە برین؟
گەرمە شینی، گەلێ فرمێسکی وەرین؟
بە هەموو هەستەوە شینی گێڕا؟
یان لەبەر دوژمنەکەی نەی وێرا؟
کوڕەکانی بە فیدای کورد کردن

باجی خوێن بو لەسەری لابردن؟
بەرهەمی عومری درێژی دانا
گەوهەری ژینی لە ڕێ ی گەل دانا

*١ کاکەمین مەبەستی باوکی شەهید سولێمان موعێنیە

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# "گەوهەری گومبوو"

نووسینی: سەلاحەدین موهتەدی

وا هەڵکەوت بۆ بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەیەکی حیزبی لەگەڵ " سەدیقی ئەنجیری ئازەر" ببمە ئاشنا ناوم بیسیبوو، بەڵام خۆیم نەدیبوو، ئەگەر لە بیرم مابی پاییزی ساڵی ١٩٦١ی زایینی بەرامبەری ١٣٤٠ی ئێرانی بوو. من ئەندام لە(کۆمیتەی تارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی بەرێبەرو دامەزرێنەر ڤووم لە( یەکیەتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران). کە هەردووکیان ئەوکاتە زۆر بەنهێنی و زۆر چالاکانە خەباتیان دەکرد. لەلایەن هەر دوو ڕێکخراوەکەوە " جگە لە کاری ئاسایی ناوخۆیان" ئەرکی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کوردستانی عێراقیشم پێ سپێردرابوو! کە هەم بنکەی سەرەکی ئەندامان سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات بوو لە تاراوگە هەم شۆڕشی ئەیلوول تازە خەریک بوو سەرهەڵداو ئێمە هیوایەکی زۆرمان لەسەر گەڵچنیبوو.

هەموو جاری من زانکۆم بەجێدەهێشت و لەتارانەوە دەهاتمەوە بۆکان و بۆکانرا دەچووەمە (قەرەگوێز)و لە ماڵی کاک حەسەنی ئێلخانیزادەی ئامۆزام دەگیرسامەوە کە هەم کوردپەروەێکی دڵسۆزو هەم تێکۆشەرێکی بوێرو هوم هاوحیزبی و ڕەفیقێکی خۆشەویستی خۆم بوو بە ڕۆژ لە ماڵی ئەوان دەمامەوەو شەو وەرێ دەکەوتم بەرەو شاخی (حاجێکیمی) لە پشت گوندی قەرەگوێز.

"قەرەگوێز" و "حاجیکیمی" لەو سەردەمەدا و هەتا ئێستاش بوتە مەڵبەندی کوردایەتی، مەکۆی کوردایەتی و حەشارگەی پێشمەرگە. شەڕی زۆری لێ کراوە، شەهیدی زۆری لێ دراوە و کەلاکی زۆری لێ خراوە، کە چی کانیە سارد و ڕوونەکەی ئاسمان بولاغی ئێستاش شێوەی شیرینی سولەیمانی موعینی و سمایلی شەریفزادە و عەولای موعینی و مینەشەم و سەید فەتتاحی نیزامی لەناو دڵدا پاراستوە و جارو بار نیشانی میوانە نوێیەکانی دەدات".

چیا بەرزو و بەرینەکەی حاجیکیمی هەم لەمەڕگەیەو هەوارگە هەم لە برێک جیگادا گوشتە زەوییەو کێڵگە دوو ماڵ مووچە و مەزرایان لە حاجیکیمی بوو سێ مانگی زستان نەبێ سی فەسلەکەی دی بە ماڵ و منداڵەوە لەوێ دەژیان. هەردووکیان هەژار و زەحمەتکێش، دست قەڵشیوی کاری پێست سووتاوی بەر سوورەتاوی هاوێن: "مام حەبیب" و "عەبە نەوتە".

* چارەنووس وابوو کە ئەم دوو پیاوە نەخوێندەوارە (مام حەبیب و عەبە نەوتە)لە گەڵ کاک حەسەنی بالابەرزی شۆخوشەنگ، ماڵخۆش و دلاوا و چاونەترس، لە سەردەمێکی دیاریکراو و لە سەرزەمینێکی دیاریکراودا بە سێ قۆڵی و هەماهەنگی باری قورسی خوڵقاندن و خەملاندنی مێژووی کوردەوارییان کەوتە ئەستۆ، نەک جارێک و دووجار، نەک سالێک و دوو ساڵ، بەڵکوو بە درێژایی تەمەنیان باوەشی گەرمی کوردایەتی بوون و بالای بەرزی پێشمەرگەیان لە ئامێز دەگرت... پەیک و تەتەر بوون و نامەو ڕاسپاردەیان هێناو برد، حاشارگە بوون، میوانخانە بوون، تیمارگەرو پەرستارو خەمحورو خزمەتگوزار بوون و ئەمدامی بە وەفای حیزبی بوون و بەرپرسایەتییان لەئەسیۆ بوو. بە خۆیان و ژن و منداڵەوە بە دیوەخانی ناو دێوە.. بە کەژییە ڕەشەکەی تەنیشت کوچکارورو بە نانەگەرمە تەنوورکەی بەدەمی چەپەرو بە چارداخە کێچاویەکەی کۆنە هەوار، بوونە ناوەندی دەنگوباس، بوونە مەیدانی خەبات و خوێن.

لەناو ئەو(زایدانە)دا بوو کە گەرای مێژوو گوورا، بەلام مێژووی لووتبەرزی بێ ئەمەگ، مێژووی ترسنۆکی چاوچنۆکی پڕ لە فێڵ و فیز، بێزی نەهێنا لە عاست گلکۆی گومیان سەرێک دانەوێنێ و چەپکە گوڵێک دانێ و لە لاپەڕەیەک دا ناویان بێنێ"!

کوردستان! تۆچۆن لە سەتان و هەزاران ساڵەوە بەرگەی ئەم هەموو جزرەبەو ئازارت دەگرت، ئەگەر سەتان و هەزاران ژن و پیاو، سەتان و هەزاران سەربازی بێنازو بێ نێشانی نەدابایە بەر باری ئەم ئەمانەتە گەورەو گرانە.

ئەو ئەمانەتەی ڕۆڵەکانت بەسەر سەتان و هەزاران هەڵەنگووتن و سەرەنگرێوە، بەسەتان و هەزاران کوڵەمەرگی و چەرمەسەرییەوە. کەوتەو ڕەوتە شەکەت و شپرزە سەرەنجام خستیانە کۆشی دایکی نیشتمان و کردیان ئارامگای هەتا هەتایان.

ساڵی ١٩٦١ی زایینی بوو، لام وابێ نێوان و هاوین و پاییز من خوێندکاری کۆلێجی حقووق بەشی قانوون بووم، تارانم بەجێهێشتبوو تا لەم ئێوارە شیرین و شادەی قۆپی قەرەگوێز، بەنهێنی و نەناسراوی هەڵگەڕێم بەرەو لوتکەی شاخی حاجیکیمی لە ماڵی کاکە حەسەن نانم خواردبوو، عەبەنەوتەشم وەکوو چاوساخ وەپێش کەوتبوو، شیواوشیو بەتەنیشت قەبرە جوولەکاندا ڕێم دەبڕی و چاوم لە بەرزایی چیاکە بوو کەچی لە نیوەی ڕێگاو پێش جێژوانی دیاریکراو پۆلێک پێشمەرگە سەرەڕێیان لێگرتم و لە پێشەوەیان پیاوێکی بالادەستە، ڕانکوچۆغەیەکی کاڵ لەبەرو شەدەیەکی دابی موکریان لەسەر، بە پێستێکی زۆر سپی، سمێڵێکی ڕەش و دووچاوی گەشەوە. زەردەخەنەیەکی تێکەڵ لە مێهرەبانی و پرسیار لەسەر چووتێک لێوی تەنگ لەناکاو دەستی درێژ کرد، لەپێشدا دەستی گوشیم و لەپاشان لە باوەشی گرتم لەوکاتەوە تا ئێستاو

لەئێستاشەوە تا مردن هەرگیز سەرخۆشی و شادمانی ئەو باوەشەم لە بیر ناچێ.

*"ئەمە یەکەم پێشمەرگەیەک بوو لە ژیانمدا دەمدیت و هەموو ئازادیی کورد و کوردستانم لە بەژنی ڕێکوپێک و لە ڕوخساری خوێنشیرین و جوانچاکیدا بەدی دەکرد. سولەیمانی موعینی لێم بوو بە رەمزی پێشمەرگایەتی و لەو کاتەوە تا تراژێدیای مەرگە خەمبارەکەی لە ساڵی ١٩٦٨(١٣٤٧) زۆر جار لێک دوور کەوتینەوە و نزیک کەوتینەوە و سەرئەنجام لە پرۆسەی شۆڕشە چەکدارییەکەی٦٧ - ٦٨ یەکجاری یەکترمان گرتەوە و هەر دووکمان بە سەرومالەوە تێوەچووین. ئەو لە شاخ بوو و شەهید کرا و من لە شار بووم و کەوتمە زیندان. بەڵام ئێستاش و دوای چڵ و حەوت ساڵ(ساڵی ٢٠٠٧ نووسراوە) کە چاو لێک دەنێم و بیر لە پێشمەرگە دەکەمەوە، سولەیمانی موعینی دەبینم لە شێوی قەبرە جوولەکان بەرەو لوتکەی حاجیکیمی."

تا بەر لەوەی لەساڵی دواییدا لە پاییزی ١٩٦٢ بە خۆی و بیست پێشمەرگەوە لەدووم بێ و بمبا بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول، زۆرجاران حاجیکیمیان لێبوو بە جێژوان، گەلێک ئەرک و ڕاسپاردەی سیاسی و تەنزیمی کەوتە ئەستۆی من و هاوڕێکانم لە تاران و لە کوردستان، بەڵام ئەوەی هەرگیز لەبیرم ناچێ ئەو نامەیە بوو کە دەبوو بۆ خۆم بیبەم و بیگەیەنمە دەست "سەدیقی ئەنجیری ئازەر"

ئەو پیاوەم قەت نەدیبوو، ناویشم بەدەگمەن بیستبوو، بەڵام کە زانیم سولەیمان زۆری خۆشدەوێ، خۆشەویستییەکی دووراودووری کەوتە دڵمەوە هەر بەو هەوایە بەپەلە گەڕامەوە تاران و بە هاوکاری هاوڕێکانم ئەدرەسەکەم دۆزیەوە. پێش دیدار، بڕێکم پرس و جۆ کرد و زانیم کە لە سەردەمی جمهووری کوردستاندا چالاک بووە. یەکیەتی لاوانی بەڕێوە بردووەو ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە. بۆشم دەرکەوت دوای ڕووخانی جمهووری و دوای ڕووخانی دەوڵەتی دوکتور موسەدیق و زاڵبوونی دیکتاتۆری دەستەڕاستی شا بە نیوە نهێنی لە تاران دەژی. بوگوێرەی ئادرەسەکە. ڕووم کردە تەجریش لە شێمالی تاران لە گەڕەکێکی هەرە هەژارنشینی تەجریش کۆنە دەرگایەکی نیوە کراوەی دارینی ڕەنگپەڕیو بردمیە ناو کۆڵانێکی لەگوین داڵانی تەنگەبەر کە دەرگەکان " چەمۆڵە لێدراو - چاویان لەیەکتر بڕیبوو وا دیار بوو هەرکام ماڵە هەژارێکیان حەشار دابوو"

دوو کۆڵەمستی سووکم لە دەرگایەک داو زۆری پێنەچوو ژنێکی بەتەمەن بە جلێکی نیوە کوردی و نیوە عەجەمی و بە دووچاوی پرووشی پڕلەترس و پرسیارەوە دەرگای لێوە کردم کە بەکوردی گوتم: دایەگیان و ناوی سەدیقم برد. خوێنێکی گەشی حەسانەوەو دڵنیایی پەریە سەر گونا ویشک و بێرەنگەکەی و پێیگوتم" ((بەقوربانت بم وەرە ژووری))

چوومە ژوورەوە ژوورێکی فەقیرانە. نەڵام زۆر پاک و خاوێم. چواردەورە پڕبوو لە کتێب و کاغەز سەماوەرێکی دەستە لەبەر خاوێنی دەدرەوشایەوە و قوڵتەی دەهات، قۆرێەکی سووری چکۆڵەی لەسەر بوو. وادتار بوو کاتی چاخواردنەوەیانە. فریا نەکەوتم لەسەر ئەو پەتوە گوڵئاڵە چوار قەدکراوە دانیشم کە سەرینێکی لەسەرو باڵشێک لەسەر سەرین پاڵیان بەدیوارەوە دابوو کە دەرگایەکی چکۆڵە کرایەوەو سەلامێکی گەرم و نێگایەکی پڕ لە پرسیار سەرنجی ڕاکێشام.

* پیاوێکی تەمەن مام ناوەنجی بە بەژنێکی باریک و لاواز، گۆنایەکی زەرد و ڕەنگ پەڕیو، دەموچاوێکی کەمێک درێژووکە، ئێسقانی دەستی بۆ لا درێژ کردم و لە گەڵ یەکەم دەست گوشین نەمهێشت لە چاوەڕوانی و دڵەراوکێدا بمێنێتەوە، گوتم: "لە لایەن سولەیمانی موعینییەوە هاتووم و نامەیەکم بۆ هێناوی."

هەرگیز نەمدیوە لە چاوتروکاندنێکدا گۆڕانی وا زەق و ئاشکرا لە روخساری کەسێک خۆی دەرخا. ئەو چاوە لێڵ و کزانە لە ناکاو گریان تێبەربوو، وەک دوو پۆلووی سوور وەک ئەستێرەی سیوەیل گەشانەوە و سەرتاپا پراوپڕ بوون لە پێکەنین. ئەمجارە بە ئاسوودەیی دانیشتین".

لەم دانیشنە تێروتەسەلە دا، لە شیعرو ئەدەب و سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و چەپایەتیدا چ نەما لێی نەدوێین، من گەنجێکی گەرم و گوڕ، کەللە پڕ، دەمهەراش و شایی بەخۆ، نوێنەری شۆڕش بووم، ئەو پیاوێکی ئارام و بەئەزموون، لەسەرخۆو میهرەبان، لوتکەی کۆنە کێوێکی ئاگرپژێن کە خۆڵەمێشی جەوری زەمانە سەر لاجانگ و پشت گوێی شینکی کردبوو، بەڵام تا بڵێی زانا لە هەموو بوارێکدا لەبەردەم ئەم پیاوە خاکینەدا، لەخۆباییبوون، لە شەرمان دەتوایەوە و من هەستم کرد بەشی ساڵێک بەشی تەمەنێک توێشووم هەڵگرتووە.

لە دانیشتنەکەماندا، زۆر بەوردی و بە پەرۆشەوە دەنگوباسی شۆڕشی کوردستانی عیراق و ڕەفیقانی حیزبی دەپرسی بە پرسیارەکاندا تێگەیشتم لەمێژە دوورکەوتۆتەوە لە کاروبارو حاڵ و هەوای کوردستان و هەر وشەو وەڵام و زانیارییەکی منی وەک قومێک ئاوی سارد لە چلەی هاوین تا جۆڕەی ئاخر هەڵدەقۆراندو دەگەشایەوەو دەحەسایەوە هەرلەوێ داوای لێکردم بینێرم بۆ کوردستان و بۆ ناو پێشمەرگە تێم گەیاند کە خۆم دەسەڵاتی ئەو بڕیارەم نییە. بەڵام داواکارییەکەی دەگەیەنم ئادرەسێکیشم پێدا کە جوابی نامەکەم بۆ بنێری تا بەڕێی بکەم. هەر بۆیەش کاتێک وەڵامی نامەکەم پێگەیشت، دەمزانی چی تێدایە.

چەرخی زەمانەو مەلە ناو دەریای سیاسەت وای لێهات کە هەر زۆری پێنەچوو من لەلایەن (کۆمیتەی حیزبی) و (یەکیەتی



سەرچاوە
Serchawe

خوێندکاران)یەوە دەستنیشان کرام کە بڕۆم بۆ کوردستانی عیراق و گوزارشتێک هەم لەسەر شۆڕشە تازەکەی کوردستان و هەم لەسەر وەزعی ناوخۆی حیزبی دێموکرات بنووسم، چونکە لەناو شۆڕشەوە دەنگۆی ناتەبایی و لە حیزبیشەوە قسەوباسی بێسەرەوبەرەییمان پێدەگەیشت.

وەک سەعدی دەڵێ: ((دامنابوو کاتێک گەیشتمە داری گوڵ، کۆشێک گوڵ بێنمەوە بۆ دیاری یاران؛ هەر کە گەیشتمێ، بە بۆنی گوڵ وا سەرخۆش بووم دەستم لە داوێنم بەربوو)) منیش بەپێی بڕیاری یاران لە تاران دەبوو دوای کوردستان بچمە ئوروپاو لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی هاوبەشی هەموو ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشداروو نوێنەری خوێندکارانی کوردستانی ئێران بم. کەچی گەردەلوولی سیاسەت و خەبات و پێشمەرگایەتی و گەنجایەتی تووڕی دامە ناو نێرینەی گێژاوەکە کە ئوروپاو یەکیەتی خوێندکارانم هەر لەبیر مەما، بەڵام نامەکەی سەدیقی ئەنجیریم لەبیر نەچوو، زۆر بە وردی لەگەڵ سولەیمان باسی سەدیقمان دەکردو زۆر زانیاری دامێ: سەدیق چالاک بووە لە دەوەوی جمهووری کوردستانداو لە یەکیەتی لاوان و لە ڕۆژنامەوانیدا، سەدیق، وەک هەموو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە چەپێکی سەر بە توودەی و پرۆ سۆڤیەت بووە، لە تاران لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی چەپ و دێموکراتی ئێراندا هاوکاری کردبوو. تێکەڵبوون لەگەڵ خەباتی سەراسەی تارادەیەک دووری خستبۆوە لە گیروگرفتەکانی کوردستان. سەدیق لەناو ڕووناکبیرانی ئێرانی خۆشەویست و بەڕێز بوو.

ئەمانە زۆر شتی دیکەم لە سولەیمان موعینی بیستبوو، نامەکەشمان بەیەکەوە خوێندەوە. خەتێکی خۆشی میرزایانەی شێوە فارسی و تێکەڵێک لە ئیملای کوردی و فارسی، زمانێکی کوردی پاراو، بەڵام کەمێک کۆن کە گۆڕانکاری و گەشەسەندنەکانی پازدە بیست ساڵی دوایی پێوە دیار نەبوو، بە گاڵتە بە سولەیمانم گوت: ئەم ئینشایە لە جمهووری بەم لاوە هاتووە. بەڵام شیرین و ڕەوانە.

نامەکە تاڕادەیەک دووردرێژ بوو. وەک هەموو ڕووناکبیرانیش کە نامە بۆ سیاسەتمەداران دەنووسن، گەلێکی پەندو ئامۆژگاری تێدابوو کە بڕێکیان بەجێ و بڕێکیشیان نیشانەی دووری بێخەبەری بوون.

شایەتیی نامەکەش داخوازی بوو بۆ هاتنە کوردستان و ناو ڕیزی پێشمەرگە . لە ڕستەیەکی تێدابوو کە من چونکە تازە لە تارانەوە هاتبووم هاتبووم و زاراوەی تایبەتی ڕووناکبیرانم دەزانی، زۆو سەریجم چووە سەرێ. نووسیبووی: ((ئاوهەوای ساف و کەژو کۆی کوردەواری دەتوانی ڕزگارم کا لە چنگ دێوی سپی)). من وای بۆچووم کە ئالوودەی هیرۆیین بووەو دریەوێ لە دەستی ڕاکا. کە بۆ سولەیمانم گیرایەوە، تێر گریاو بڕیاری دا تەرتیبی هاتنی بۆ بدا. ئەم تەرتیبدانە زیاتر لە

ساڵێکی خایاندو تا سەدیق گەیشتە کوردستان من لە حیزبی دێموکراتدا نەمابووم.

هەر بۆیەش یەکەم دیدارمان بوو بە تەنیا دیدارو نامە شیرین و دەستخەتە جوانەکەشی بوو بە تەنیا نووسراوەیەکی کە من چاوم پێی بکەوێ. ئەوەندە دەزانم یا ئاووهەوای ساف و کەژو کۆی کوردەواری ڕزگاری کرد لە چنگ دێوی سپی و دەردەکە پەڕاند. یا هەر لە هەوڵەوە ئێمە بە هەڵە بۆی چووبووین.

دووراودوور دەمبیست سەدیق بەوردی و ژیری خەریکی ڕیفورمە، یا باشتر بڵێم خەریکی بنیاتنانەوەی ئەو حیزبەیە کە دووبەرەکایەتی و نەخوێندەواری و ملهووری بەرۆکی گرتبوو، سەدیق نە گوێرایەڵی سەرکردایەتییەی ئەحمەد توفیق بوو. نە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنیش کەوت. کاتێک ئەحمەد توفیق هەڕەشەی دەکرد کە واز دێنێ و دەڕوا. سەدیق وەک باقی کادیرەکان شایی لە دڵدا نەدەگەڕاو چەپڵەی لێنەدەداو نە دەیگوت ئۆخەی ڕزگار دەبین! بەپێچەوانەوە، پێی دادەگرت و دەیگوت کەس بۆی نییە بێ پرسینەوەو روونکردنەوە واز لە بەرپرسایەتی بێنێ و بۆی دەرچێ. هەر ئەوەش "ئەحمەد تۆفیق"ی تووڕە و نیگەران کردبوو، کەمتر دەهاتەوە ناوەندی حیزب(لە سونێ) سەدیقیش ناوەندی گرتبوو بێ شەڕو بێ کۆدیتا. بە کاوەخۆ دەیەویست لە حیزبێکی چەکدارو زۆردارەوە بیکا بە حیزبێکی سیاسی و دێموکرات.

ساڵەها کار لەتاران لەگەڵ حیزبێ توودە ئەزموونێکی بەنرخی کاری تەشکیلاتی و نهێنیکاریی پێبەخشیبوو. هەر بۆیەش سەدیق نە تەنیا لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ئەحمەد تۆفیق، بەڵکوو لەگەڵ شۆڕشگێڕی و ڕادیکالیزمی سەردەمیش نەدەهاتەوە. جا بەوپێیە بزووتبەوە شۆڕشگێڕو چەکدارانەکەی ٦٨ - ٦٧ (٤٧ - ٤٦) کە لایەن ( کۆمیتەی انقلابی حیزبی دێموکرات) و بە سەرکردایەتی سولەیمان موعینی و سمایل شەریفزادە و مەلا ئاوارە و گەلێکی تر لە کادرە کادرو کاربەدەستانی پێشووی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێران بەرپابوو. ئە بزووتنەوەیە نەک فەزای سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستانی بۆ هەمیشە گۆڕی، بەڵکوو هەموو ئێرانی هەژاندو نیگا هەزاران جووتە چاوی دڵسۆزان و شۆڕشگێڕانی رووناکبتری ئێرانی بەرەو کوردستان وەرگێڕا. -"هەر پێش پێکهاتنیش - لەگەڵ سەلیقی سیاسی و ڕێبازی خەباتی سەدیقی ئەنجیری هاوتەریب و تەبا نەبوو. بەپێچەوانەوەی مەیلی پرۆسۆڤیەتی سەدیق، کۆمیتەی ئینقلابی گۆشەی چاوی لە چین و پەندەکانی ماو تسەتونگ بوو.

لەو سەروبەندەدا من دووراودووریش ئاگام لە سەدیق بڕابوو، چونکە چووبوومەوە ئێران و دیسان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تازە و کۆن خەریکی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نهێنی خوێندکاران و دامەزراندنی هاوکارییەکی توندوتۆڵ بووین لەگەڵ " کۆمیتەی انقلابی: کە چەکدارانە گەڕابوونەوە کوردستانی ئێران و هەرتک لامان پێکەوە هاوباوەڕو هاوڕێباز بووین، ئەوان

لە شاخ و ئێمە لە شار.

دەنگۆی بێسەروشوێن بوون شرت و گومکردنی سەدیق وەک زەردەواڵەیەک لە ناوچەی باڵەکەوە گەیشتەوە کۆمەڵگای ئێران و لە زانکۆو لەناو نووسەران و ووناکبیراندا بە ویزەویز نیشتەوە سەر لووتی هەموومان،

* "من لە وێ نەبووم و نازانم سەدیق چۆن کوژرا و لە کوێ نێژرا، بەڵام پرسیارێکە و کەس خۆی لە قەرەی وەڵام نادا: چۆن دڵیان هات؟! سەدیق زیاتر وەک پەپوولەیەک دەچوو تا وەک ئادەمیزاد! نە دزی و حیزی و نە شەڕ و نە درۆی نەدەزانی، تووره نەدەبوو، نەدەتۆرا، بە پەنجەیەک نانی ڕەق و کەوچکە دۆیەک قنیاتی دەکرد، نەدەڕنجا و کەسیشی نەدەرەنجاند.

سەدیق، گاندییەکی گومنام بوو لە ناو چیا سەرکەشەکانی کوردەواریدا، بەڵام کوردستان، هیندوستان نەبوو – هەر چەند خۆ گاندییشیان کوشت"!!–

هەموو ئەو بیرەوەریانە لە کۆنەوە وەک درکێک لەدڵ هەڵدەچەقی و من قەت بەتەما نەبووم کای کۆن بەبا بکەم و کۆنەبرین بکولێنمەوە تا کاتێک مامۆستا سەدیق و مامۆستا ڕەفیق کە دێوانەی سەوداسەرو خولیای لێکۆڵینەوەو زیندووکردنەوەی کەلوپووری رۆژنامەوانی کوردین و مێرۆڵە ئاسا ساڵەهایە بارێکی قورسترو قەبەتر لە قەوارەی خۆیان ناورتە کۆڵ، پێیاڕاگەیاندم کە ژمارەکانی " هاواری نیشتمان"یان دۆزیوەتەوە کە ئۆرگانی لاوانی دێموکراتی کوردستان بووە لە سەردەمی جمهووریداو سەدیقی ئەنجیریش سەرنووسەری بووەو بەتەمان لەگەڵ ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان - دەورەی جمهووری - لە بەرگێکدا چاپی بکەنەوە. نەک هەر چاپی بکەنەوە، بەڵکوو لاپەڕە دڕاوەکانی وەسەریەک بخەنەوە. هەڵەو کوژرانەوەکانی ساغ بکەنەوە و زۆرشتی تر پڕ ئەرک و زەحمەت کە من هەر سەرم لێی دەرناچێ بەڕاستی ئەوە کاری حەزرەتی فیلە! کاتێکیش داوایان لێکردم پێشەکییەک لەسەر سەدیقی ئەنجیری بنووسم، نەمتوانی بڵێم نا، پیاو کە ئەم دووبرایە دەبینێ لە وشەی ناتوانم شەرم دەکا!

بەڵام هەر دوودڵ بووم: ئەمە کێشەیەکی ناوخۆی حیزبی دێموکراتەو حیزب نە لەسەر سەدیق ئەنجیری و نە لەسەر ئەحمەد تۆفیق زمانی بە چاک و خراپ نەگەڕاوەو خۆی بواردووە. نە لە تیرۆری ناجوامێرانەی سەدیقی ئەنجیری کەس بەرۆکی ئەحمەد تۆفیقی گرت و لە گوڵ کاڵتری پێ گوت. نە کاتێکیش ئەحمەد لە زیندانی بەعسییاندا دەیناڵاندو لەژێر ئەشکەنجەکانی نازم گوزار دا شەهید کرا، کەس خەمێکی لێ خواردو بە هابایەوە دەهات!

من کابرایەکی لادەست و تەنیاباڵ، دوورەپەرێزو خۆپارێز لە هەموو تەمەنمدا جارێکم سەدیقی ئەنجیری دیوەو نامەیەکم خوێندۆتەوە. چیم بەوکێشەیە داوە و سەرێک نایەشی بۆ پرێسکەی لێوە دەبەستم؟ جاری واش بوو دەمگوت: منیش ساڵەها لەناو ئەو حیزبەدا خزمەت و خەباتم کردووەو بەشی ئەوەندەم هەق بەسەریەوە هەیە ڕازەکان بدرکێنم و ڕاستیەکان دەرخەم لەو گێرەوکێشەو بگرەوبەردەی ناو دەروونی هەمیشە پڕ لە خەم و تەمم، لەناکاو وەک عاسمان کون بێ و کتێبێکم بە خەڵات بۆ بێتە خوارەوە! یادداشتەکانی "نیما یوشیج" یان بۆ هێنام. نیما، لە مێژووی شیعرو ئەدەبی فارسیدا لە ئێران کەسێکی ئاسایی نییە. ڕێبەرو داهێنەرو ڕەچەشکێنی شیعری نوێیە. ئاڵا هەڵگری بیرێکی ئینسانی و ئازادیخوازانەیە، خاوەن وشیارییەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەرجستەتوە پێوانەی هەڵسەنگاندن و هەڵاواردنی پاک و پیسە!

نیما باسی سەدیقی ئەنجیری دەکا. نەک لە یەک جێگا، لە زۆرشوێن و بە زۆر بۆنەوە. ڕووناکبیری و زانستی سەدیق، وردبینی و پێشبینی سەدیق، پیاوچاکی و ڕەفیق خۆشی و جوامێری، ئینسانەتی و نەجابەتی سەدیق، نیمای گەورەپیاوی ئێرانی کردۆتە موریدو موخلیسێکی دڵپاک و زۆر جار کە ناوی دەبا دەڵێ(( این جوان کرد(( مەعنای بیرکردنەوەو ناسینی جیهان و لێکدانەوەی فەلسەفی فێرکردم لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ: هەرچەند سەردێتم و سەر دەبەم، هاوتای ئەرە پیاوە کوردەم لە ئێراندا وەبەرچاو ناکەوێ.

ساڵەها دوای مەرگی سەدیق، نیما، سەدیقی ئەنجیری سەرلەنوێ پێناساندم تەنانەت دۆستی دێرین و خۆشەویست و باوەڕپێکراوم مامۆستا محەممەدی خزری کە کتێبێکی لەسەر سەدیقی ئەنجیری نووسیوەو ڕاستییە مێژووییەکانی - ئەوەندەی خۆی دیویەتی - زۆر بە ئەمانەت و بەوردی گێڕاوتەوە هێندە کاریگەر نەبوو لەسەرم وەک نووسراوەکانی نیما. یەک لەبەر ئەوەی نیما، نیمایەو دووش چونکە مامۆست خزری ئەوکات و ئێستاش کادیرێکی بەئەمەگە بۆ مامۆستاکەی خۆی - هەرچەند پیاو هەق بڵێ بە ئینسافەوە نووسیویەتی.

لەو کاتەوە یادداشتەکانی نیمام خوێندوتەوە، ئاگرێک بەربۆتە دەروونم، نە بە بایی دەکووژێتەوە نە بە بارانی، لە تاریکخانەی ئەم دەروونە وێرانەدا وێنە سەدیقم لەناو ماڵە هەژارەکەیدا لە تەجریش دێتەوە بەرچاو، نەفرین دەنێرم بۆ مێژووە درۆزنەکەی خۆمان، گەوهەرێکی گرانبەهامان لەکیس جوو، چیمان بۆ ماوەتەوە جگە لەوەی بەپانایی ئەم نیشتمانە خوێنینە هاوار بکەین:


**بەدەستی خۆمان چیمان کرد لە خۆمان!!**

**سولەیمانی: ڕێکەوتی: ٢٢ - ٦ - ٢٠٠٧**



سەرچاوە
Serchawe

## بەهاری خوێناوی!



**نووسینی: مەلا محەممەد خزری**

**بەهاری ١٣٤٥ی هەتاوی، بۆکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێتە بەهارێکی خوێناوی. ئەو شێعرە کە شاعیری نەمر، مامۆستا هێمن دەڵێ: - (بەهاری کوردەواری سوورو شینە) دێتە دی!**

**دوای ئەوەی کاک سولەیمانی موعینی دەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی لکی ٣ بۆ "دۆڵەرەقە" دوور دەخرێنەوەو لەوێ نیشتەجێ دەبن، کاک سەدییقی ئەنجیرییش، دەگەڵ کاک سەعید کوێستانی هەر لە دەربەندی ڕایەت دەمێننەوە. لە مانگی ئاپریلی ١٩٦٦دا چەندڕۆژ پێش دەست پێکردنی شەڕە بە نێوبانگەکەی هەندرێن، کاک سەدیق هاوڕێ دەگەڵ سەعید کوێستانیو شێرزاد، بۆ دیدەنیی مامۆستا هەژار، بەرەو گوندی لێوژێ، دەچن بۆ ناوچەی ناودەشت...**

**بە وتەی کاک سەعید کوێستانی، دواتر لە گەڕانەوەدا، دەچنە گوندی سوورەبانی نزیک قەسرو ماکۆسان، دەبنە میوانی کاک خالیدی حیسامیو لای ئەو دەمێننەوە. بە وتەی کاک سەعید کوێستانی، کاک سەدیق دەڵی: ئێوە دەگەڵ شێرزاد، بچنەوە بۆ دەربەند، منیش جارێ لای کاک خالید دەمێنمەوە. بەڵکوو کرا چاوم بە سەرۆک بارزانی بکەوێ. ئیتر کاک سەعیدو شێرزاد دەگەڕێنەوە بۆ دەربەند. لەو دەمەدا، شەڕی هەندرێن، دەست پێدەکا. بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ، جگە لە شەوانە، هیچ گیانلەبەرێک نەیدەتوانی لە بەر بۆمباران، بەرۆژ وەدەرکەوێ. ئاوایییەکانی ناوچەی باڵەک چۆل ببوون. خەڵکی ئاوایییەکان بەرەو چیاو بن ئەشکەوتان کشابوون... ئیدی لە جەنگەی ئەو شەڕە بێئەمانەدا دەستی تیرۆر، دوژمنانی**



سەرچاوە Serchawe

خووودەی مرۆڤایەتی، کاک سەدیقی بێسووچو تاوان، تیرۆرو شوێنەون دەکەن! ئەو خۆینرێژانە کاتێکی لەبار بۆ ئەو جینایەتە سامناکە هەڵدەنێن! وەک دەیانگوت: کاک سەدیق دەگرنو بەرەو چیاو دۆڵی باڵەیییانی دەبەن. چەند کەس بوونەو چۆن لە کن کاک خالیدڕا دەیبەن؟؟ لانیکەم ئێمە نازانین! وەک دەڵێن: لە دۆڵی وەسان جینایەتەکەی ئەنجام دەدەن!! دوای کوشتنی ئەو مرۆڤە فریشتەئاسایە،

سەریشی دەبڕن و تەرمی بێ سەری دەڕووباری وەسانێ داوین و...!

چەند مانگ دوای ئەو بەسەرهاتە، دەستە پێشمەرگەیەک، لە چۆمیدا، خەریکی مەلەکردن دەبن، جەنازەیەکی بێسەر دەدۆزنەوە. دواتر برادەرانی حشع لە دەرگەڵە ئاگادار دەکرێنو ئەوانیش بە کاک سولەیمانی موعینی ڕادەگەیەنن... ناوبراو دەیگوت: لەو نیشانانەی بەدەنی تەرمەکە کە بۆیان باس کردم، زانیم ئەوە تەرمی کاک سەدیقە...! بەو جۆرە کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر، شرتوگوم دەکرێ، دەبێتە یەکەم شەهیدی بێ سەرو شوێنی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لێرەدا بە پێویست دەزانم نامەی کاک حەمەدەمینی سیراجی کە بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە، سەبارەت بە بێ سەرو شوێنبوونی کاک سەدیقی ئەنجیری، لێرەدا جارێکی دیکە بخەمە بەرچاوی خوێنەرو خاوەن نەزەران:

کاک کەریمی حیسامی لە بەرگی چوارومی بیرەوەرییەکانیدا، دەکەوێتە شوێن پێی کوژرانی سەدیقی ئەنجیری. نامەی بۆ کاک سەعید کوێستانیو کاک حەمەدەمین سیراجی نووسیوە:

ئێوە کە لە نزیکەوە پێوەندیتان بەکاک سەدیقەوە هەبووەو لە جەرەیاندا بوونە، ئەوەی لەو بارەیەوە دەیزاننو ئاگاداری هەن بۆم بنووسن.

ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وەلامی کاک حەمەدمین سیراجییە بۆ کاک کەریمی حیسامی نووسیوە:

..."لەگەڵ سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی کاک حەمەدەمینی سیراجی. ئەوە دەقی نووسراوەکەی ئەوە کە لە ٦ - ١ - ١٩٨٩ بۆی ناردووم" – نامەی کاک حەمەدەمین:

... شەهید سەدیق لە سالی ١٩٦٤ چووە کوردستانی عێراقو لەو کاتە ئەحمەدی پێ فیدل کاسترویەک بوو. لە کۆنگرەی ٢ بە ئەندامی ڕێبەری هەڵبژێردراو بۆ وتووێژ بە مەبەستی یەکگرتنەوە لە گەڵ شەهید سولەیمان، نحۆ پاشایی، کاک ئەمیری قازی لە لایەن کۆنگرەوە دیاری کران. پاش وتووێژ ڕێک کەوتن لەسەر چەند خاڵ. دەستەی نوێنەرایەتی بە گشتیو کاک



سەرچاوە Serchawe

سەدیق و کاک سولەیمان بەتایبەتی کەوتنە بەر پلارو هێرشی ئەحمەددەوە. شەهید سولەیمان‌و نحۆ لێی دوور کەوتنەوەو بە لای ئێمەی قۆڵی پێشکەوتووی حیزبدا هاتن. ئەحمەد وەک تووڕەیی‌و زیزبوون ئیستیعفای کرد. هێندێ لە لایەنگرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتو بنکەی شێخانی لە نزیک دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری. مەودای دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەدو بەرهەڵستەکانی ئەمڕۆی هەر لە زیادی دەدا. ڕاست لەو کاتەدا بەرەو "کانی ماسی" دوور خرایەوە. ئێمە هەوڵی بەستنی کونفراسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێ‌و سەرلە نوێ ڕابەریی هەڵبژێرێتەوە. کاک سەدیق لە لایەک لەو هەوڵەدا بوو. پێوەندی بە ڕابەریی پارتییەوە دەگرت (حبیب کریم)و لە لای تر نەخشەی پێوەندی‌سازکردنەوە لەگەڵ دۆستو ناسیارەکانی ناوخۆی وڵاتی هەبوو. لە ناوخۆی وڵاتیش مرادو چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بەتایبەت لە "لاجان" خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی‌و هەڕەشە لەمو لەو بوون. سوارە سەکر یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە پێوەندییەدا دەهاتو دەچوو. تفەنگو تەقەمەنیش لە بنکەی شێخانەوە دابین دەبوو. گویا کاک سەدیق ئەم مەسەلەی لەلای سەدیق ئەفەندی‌و فرانسوا درکاندبوو. هەر لەبەرئەمەش بوو سوارە سەکر گیراو درواتەوە بەئێران*. ئەم کارە بەگوێی ئەحمەد دەگاتەوەو تەنووری تووڕەیی دەهاروژێنێ‌و بڕیاری کوشتنی دەدا. حەسەنی برازای ئەحمەد جێبەجێکردنی ئەم کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لەهاوینی ١٩٦٦دا** تەنیا ٣ رۆژ دوای ئەوە کە لە لێوژە بە یەکەوە لەگەڵ کاک سەدیق‌و سالارو مەلا سەید ڕەحمان و سەعید نانی نیوڕۆمان خواردو ئەو بۆ دیتنی حبیب بەرەو قەسر، جێگای رادیۆی شۆڕش چوو، بوو بەدەنگۆ کە کاک سەدیق نانی نیوەڕۆی بەجێ هێشتووە نەگەڕاوەتەوە. ماوەیەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاو دەکرایەوە. پەیگیریی‌و دواکەوتن بەدوای ئەم ڕووداوەدا، نیشانی دا دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە جەماعەتی ڕادیۆی شۆڕشی دوور خستۆتەوە بەرەو "وەسان" هەڵکشاون. ئیتر سەدیق بە زیندوویی نەدیتراوەتەوە. حەسەن گویا حاصڵ، محەمەد حەرەس‌و دوو کەسی تریشی لەگەڵ بووە. کاک هەژار ئەگەر لەبیری مابێ‌و حاشا نەکا؛ خۆی ساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتنی ئەحمەدو هەڕەشەو گوڕەشەی ئەوی کە ئەگەر وابێ‌و وابکرێ وەک سەدیقی کە تۆپاندوویەتی بەرهەڵستەکانی تریشی "دەتۆپێنێ"

**چەند مانگ دوای بێ‌سەروشوێن بوونی کاک سەدیق برادەرانی حشع لاشەیەکی سەربڕاویان لە چۆم دۆزیبۆوە کە پێیان وابوو دەبێ کاک سەدیق بێ. ئەوە نامەی کاک حەمەدەمینە کە بۆ کاک کەریم حیسامی نووسیوە.**

--------------------

* سوارە سەکر زۆر دوای بێ‌سەروشوێن‌چوونی کاک سەدیق، ڕادەستی ئێران کرایەوە!

** ئەو کاتەی کاک حەمەدەمین نووسیویە - هاوین نەبوو، بەهار بوو مانگی بانەمەڕ بوو! بەڵام لەبەر ئەوەی ناودەشت

گەرم بووە پێیوا بووە هاوینە؟

**دوای ئەوەی زانیمان کاک سەدیق بێسەروسۆراغە، کەوتینە شوێنی. چاوم بە کاک سەعید کوێستانی کەوت، گوتی:** هەواڵم بۆ کاک سولەیمانی موعینی ناردوە کە سەدیق، دیار نەماوەو هەرچی بە شوێنیدا گەڕاوین و چوومەتە لای مامۆستا، هەژارو خالیداغا، دەڵێن، ئێمە نازانین هەر یەک بە جیا شتێ دەڵێ!

دوای چەند رۆژ، کاک سولەیمان هاوڕێ دەگەڵ مونتەقیمی قازی، عەبدوڵڵای موعینی، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مەلا قادری لاچینی، و چەند کەس لە پێشمەرگەکان، هاتن بۆ دۆڵی باڵەکایەتی. دوو، یان سێ رۆژ بوو، وتوویژی نێوان عەبدوڕەحمان بەزازو سەرۆک بارزانی دەستی پێکردبوو. شەوێک کاک سولەیمان چوو بۆ حاجیئۆمەران کە چاوی بە مەلا مستەفا بکەوێ... ئەمن نازانم چاوی پێ کەوت یان نا؟ بەڵام کاک سولەیمان زۆر بە پەشێوی گەڕابۆوە؟ لەبەر پەرۆشی کاک سەدیق بوو، یان...؟

چەند رۆژێک لە ناوچەی باڵەک مایەوە، ناردی بە دوای باوکی کاک سەدیقدا. باوکی کاک سەدیق هاتو... بەمنی گوت: دەگەڵ کاک حەمەڕەسوڵی بابی کاک سەدیق، بچینە پێش مەکتەبەکەی خەلان شوێنی وتوویژی وفدی حکوومەتو مەلا مستەفا. کاتێ مەلا مەستەفا هاتە دەر، دەگەڵی بەو نیشانی بدەم. دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ چووین بۆ پێش مەکتەبەکە، راوەستاین هەتا میوانەکان کاتی رۆیشتنیان هات. مەلا مستەفا دەگەڵ میوانەکانی هاتە دەر، هەتا لای هێلیکۆپتیرەکە دەگەڵیان چوو، میوانەکان سوار بوون رۆیشتن. مەلا مستەفای رەحمەتی گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڵ کاک حەمەڕەسووڵ چووینە پێشی. مەلا مستەفا سەرنجی ئێمەی نەدابوو. کاک حەمە ڕەسووڵ لێی نزیک بۆوە، سڵاوی لە بارزانی کرد. سەرۆک بارزانی سەرنجی دایەو زۆر بەڕێزەوە سڵاوەکەی لێ وەرگرتەوە: مامە ئەمرو فەرمایشتێکت هەبوو؟

**کاک حەمە ڕەسووڵ گوتی:** جەنابی سەرۆک بارزانی ئەمن حەمەڕەسووڵی ئەنجیریم بابی سەدیقی. سەرۆک: سەدیقی کێ؟ گوتی سەدیق ئەنجیری ئازەر... ئەوە ماوەیەکە بێ سەرو شوێن کراوە... بارزانی زۆر بە مێهرەبانی وەڵامی دایەوە، گوتی: هەر ئەتۆ نەبووی ئەو شەوە نامەت ناردبۆم...؟ گوتی بەڵێ خۆمم. بارزانی گوتی: ئیدرس! بەڵێ! ئەزبەنی . بارزانی گوتی ئەمن بە تۆم نەگوت وەدوای ئەم مامە بکەوی... دوایی بارزانی دڵخۆشیی کاک حەمە ڕەسووڵی دایەوە: ئیشەڵڵا دەگەڵ کوڕەکەت پێک شاد دەبنەوە...

**کاک حەمەڕەسووڵ گوتی:** جەنابی سەرۆک بارزانی کوڕی من سەدیق، هیند دەگەڵ خودای خۆیو کوردستان پاکە، لەو



سەرچاوە
Serchawe

کاتەدا رووی لە (چیای کەوشان) بوو، گوتی تەنانەت گورگی ئەو شاخانەش نایخۆن. کوڕی من هەرچی بەسەری هاتبێ بەدەستی عەبەی ئیسحاقی - ئەحمەد تۆفیق، لە بەین چووە! (ئەو بەسەرهاتەم، لە تویێ کتێبی بەنێوی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشانو جوولانەوەی ح د ک... ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧" بە تەسەلی نووسیوە).

ئیدی دوای ئەو چاوپێکەوتنە، بۆ سبەی ئەمن دەگەڵ مام چووکەڵ، کاک حەمەڕەسووڵمان بەرەو دیوی ئیران بەڕێ کردەوە! کاک سولەیمان هەر لە دەربەند بوو، یان لە چاخانەی "چۆمان" هەواڵی ٥ شەهیدی دیکەی حیزبی دێموکرات کوردستانمان پێگەیشت. ئەوانە بریتی بوون لە:

١- کاک باپیر(نحۆ پاشایی)

٢- رەزا پاشایی مامی کاک باپیر،

٣- فیروز پاشایی براچووکەی کاک باپیر،

٤- ناجی خوارزای،

٥- شەهید مەلا سمایلی فەقێیەسێ.


بەداخەوە، ئەو کادرو پێشمەرگانە، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ باشووری کوردستانو بگەنەوە لای کاک سەدیق، لە دۆڵێکی نزیک گوندی ساکان لە ناوچەی "سۆما" هێزێکی گەورەی ژاندارمیان وەسەر دەگەڕێ و لەو شەڕە ناهاوسەنگەدا، هەر پێنج کەسیان، دەبنە شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان...

لە ناميلكەیێ:"بەهاری کوردەواری سوورو شینە  لەدەوری تەرمی خوێنین کۆڕی شینە"

لاپەڕەی ٢٥

نووسینی: مەلا معەممەد خزری

## شەهید سەدیق ئەنجیری ئازەر: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەم



**ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

سەدیقی ئەنجیری ئازەر، لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٤ی شاری مەهابادە و کوڕی کاک حەمە رەسوڵ و ئایشە خاتونەو خاوەنی دوو برا بوو کە یەکێکیان لە ساڵانی پەنجاکاندا مردو بۆ خۆشی زەماوەندی نەکردوە و بە ڕەبەنی مابۆوە.

خوێندنی سەرەتایی لەشاری مەهاباد تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندیشی لەدانیشەرای مقدماتی(پەیمانگای پەروەردە کردنی مامۆستایان) کە ماوەی خوێندن تێیدا دوو ساڵ بوو بروانامەی دیپلۆمی وەرگرتۆوە. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٤دا بۆتە مامۆستای قوتابخانە و لەئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوە و خەریکی وانەگوتنەوە بووە.

ئەندامی کۆمەڵەی(ژ - ک) بووە و ناوی نهێنی(ئاگریان) بوو و دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەورانی جەمهوریەتی کوردستاندا،



سەرچاوە Serchawe

سەدیق ئەنجیری ئازەر ساڵی ١٩٤٦ بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بووە لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکاران لە ئەستوو گرتووە و ئەندامی(یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان) بووە. دەوترێت لەچاپکردن و لەو دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان)ی زمانحاڵی حیزبی و کۆمار دا رۆڵی هەبووە و جاروبار وتاریشی تێدا نووسیوە.

بە رووخاندنی هەر دوو دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ مەهاباد، سەدیق ئەنجیری دەچێتە گوندی (گڵنەدوک)ی نزیک تاران کە ئێستا کراوەتە گەڕەکێکی شارۆکەی لوسان لە باکووری تاران و لەوی بەکاری مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێت.

ناوبراو وەک گەنجێکی خوێنگەرم و خوێندوار هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی(ژ - ک)وە و دواتر کار کردن لە یەکێتی جەوانانی دیموکراتدا لە ژێر کاریگەریی بیری چەپ و سۆسیالیستیدا بووە کاریگەری دەوانی جەنگی دووەمی جیهانیی و سەرکەتنەکانی شورەوی دژی نازیزم و چالاکیی و پرۆپاگەندی شورەویخوازەکانی لە ئێران لەو قوناغەدا بە سەرەوە بووە. هەر بۆیە دوای چوون بۆ نێو تاران پایتەخت لەساڵی ١٩٤٨ دا کە ناوەندی چالاکیی و هەڵسۆرانی لایەنگران و بەرێوبەرانی حیزبی توودەی ئێران بوو لەساڵی ١٩٤٩دا بەڕەسمی دەبێتە ئەئەندامی حیزبی تودەی ئێران و کارەکەشی دەگوازێتەوە بۆ تاران و دایک و باوک و دوو براکەشی دەباتە ئەوێ، دەبێتە کارمەندی پلەی نۆی ئیدارەی باڵای فەرهەنگ، بەشی نیگارش. هەر لە تارانیش لە گەڕەکی تەجریش نێشتەجی دەبێت و ماڵەکەی تەنیا وەتاغێکی روو بە هەتاوە، وەک بنکەیەکی نهێنیی حیزبی توودەی لێ دێت.

شایەنی باسە لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی بەسەرکردایەتی جەبهەی میللی و دوکتۆر موسەددیق تا دەهات زیاتر پەرەی دەگرت و پاشەکشەی بەشاپەرستەکان دەکرد.

پاش ئەوەی جەبهەی میللی حکومەتی گرتە دەست فەزایەکی ئاوەڵە لەتاران و هەرێمەکانی دیکەی ئێران هاتەدی، حیزبی توودە لەو دەمەدا لەدوای جەبهەی میللی مەزنترین هێزی سیاسی و جەماوەری سەر گۆڕەپانەکە بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرمی وەک: عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، غەنی بلوریان، رەحیمی سوڵتانیان، عەزیز یوسفی، عوبەیدوڵای ئەیوبیان) سەر لەنوێ دامەزرابۆوە و کەتبۆ گەشەکردن، بەهۆی سەدیقی هەنجیری و (سارمەددینی سادق وەزیری) وەکیلی پایەی یەکی دادوەری لەتاران، لەگەڵ حیزبی تودە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥١دا رێکە وتن، کەحیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەو ناوە لەکوردستان وەک شاخەیەکی حیزبی تودە کاربکات و لەژێر رێنماییە سیاسیی و رێکخراوەییەکانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدا بێت کە (رێبەرایەتییەکەی ئەکات لەتاران دادەنیشتن. بەوەش

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەستدا و خەباتی نەتەوایەتی لەبیرکرد و لەهەموو روویەکی ئیدۆلۆژی و سیاسیی و حیزبییەوە بووە وابەستەی حیزبی تودەی ئێران لەتاران).

دووای رووخاندنی حکومەتی د. موسەدیق لە ١٩ی ئاب(ئاگۆست)ی ١٩٥٣ و دەسپێکردنی شالاوی، قۆڵبەستکردنی نەیارانی رژێم لە لایەن حکومەتی کودەتا و فەرماندەی نیزامی و پیاوەکانی(تەیموری بەختیار)وە بەشێکی زۆری کادێر و ئەندامانی حیزبی تووده بۆ دەزگای ئەمنیەتی رژێمی شاهەنشاهی ئاشکرا بوون. سەدیق ئەنجیریش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لە رۆژی پێنج شەممەی ٢ی ڕەزبەڕی ١٣٣٢ی هەتاوی بەرامبەر ٢٣ی سێپتەمبەری ١٩٥٣ دەسبەسەر کرا و پاشتر بە قەیدی کەفیل لە لایەن دادستانی ئەرتەشەوە ئازاد کرا.

بەڵام لێرە بەدواوە سەدیق ئەنجیری بە وردیی لە لایەن دەزگای سیخوریی و ئەمنییەکانی رژێمەوە چاوەدێری خۆی ماڵەکەی دەکرێ.

دوای کودەتای ژێنراڵ زاهیدی، رێبەرایەتی لاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەو دەم ببنە شاخەی حیزبی تووده لە کوردستان، بە سوود وەرگرتن لە فەزای ئاوڵەی گوندەکانی کوردستان و دوور لە رێنماییەکانی رێبەرایەتی حیزبی تووده کە ئەو دەم کەوتبوونە بەر فشار پەلاماری فەرماندەی نیزامی لە تاران بەسەرکردایەتی سوپەهبود(تەیمور بەختیار)، کەوتنە کار کردن و لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤، لەشاری تەورێز بە هاوکاری( فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) توانیان پێنج ژمارە لە (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات چاپ و بڵاو بکەنەوە. شایانی باسە سەدیق ئەنجیری یەک لەوانە بوو کە بۆ چاپکردنی کوردستان لە تارانەوە خۆی گەیاندە تەورێز و لەگەڵ (عەبدولڕەحمان قاسملوو) دا پێکەوە وتارە فارسییەکانی رۆژنامەکەیان دەنووسی. ئەم رۆژنامەی کە بە ئاشکرا بوونی چاپخانەکە و دەستەبەسەراگرتنی لە لایەن پیاوانی رژێمەوە وەستا و لە بڵاو کردنەوە کەوت.

رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥، لە شاری تاران و لە ماڵی سەدیق ئەنجیری کۆبوونەوە و بە مەبەستی خۆپارێزیی و هەڵوێست وەرگرتن لە رۆڵی مەنفی و ئاکاری نا شۆڕشگێڕانەی حیزبی تووده لە شکستی جووڵانەوەی دیموکراتی ئێرانیی و سەرکەوتنی کودەتاکەی زاهیدی، بڕیاریاندا بە پەیوەندی تەشکیلاتی لە گەڵ حیزبی تووده دا بپچڕێنن و نامەیەکی رەخنە ئامیزیش سەبارەت بەو بێ هەڵوێستییەی حیزبی تووده لەسەر کودەتاکەی ١٩ی ئاب(ئاگۆست) بنوسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

شکستی رەوتی دیموکراتی و چاکسازی و باڵادەستبوونەوەی دەربار و گەڕانەوەی دۆخێکی داخراو لە ئێراندا و پاشەکشەی ئازادی و سەرکوتی ئۆپۆزسیۆنی دۆخێکی دەرونیی دژواری بەگشتیی و بۆ بەشێک لە نووسەرانیش بە تایبەت پێکهێنا بوو، ئەوەش دۆخێکی لە نامۆ بوونی و بەسەرخۆدا داخران و نقوم بوون لە نێو دێڕی شیعر و تێکستە ئەدەبییەکاندا بە دوای شێوازێکی دیکەی بەرگری و خۆڕاگریی لێکەوتەوە، ئەم دۆخە بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر ژیانی سەدیق ئەنجیری ئازەریش هەبوو، ئەو پاش واز هێنان و بڕوانەمان بە سەرکردایەتیی حزبی تووده زیاتر خۆی بە خوێندوە و وەرگێڕانەوە سەرقاڵ کرد و رووی لە رێبازی ئەدەبی(تیکرایستانسیالیوم - Existentialsim) کردووە.

* سەدیقی ئەنجیری ئازەر بە جەستە کەسێکی باریکەلەی باڵای مامناوەندی رەنگپەریو، بە ئاکاریش کەسایەتییەکی بە دیمەن زۆر سادە و ساکار و خاکی بوو، هیچ کات هەڵپەی ناوبانگ و لێپرسراوێتی حیزبی نەدەکرد، ئۆگرێکی بەردەوامی خوێندنەوە و کتێب و قەڵەم بوو، شارەزایی زمانی فەرەنسی هەبوو، دوو شانۆنامەی(مگسها - میشەکان) (مردەهای بی کفن و دفن)ی ژان پۆل سارتەری(Jean Paul Sartre) لە فەرەنسییەوە وەرگیرایە سەر زمانی فارسیی و لە ساڵی ١٩٦٠ دا چاپیکرد و لە تاران بڵاو بۆوە، کە ئەو کاتە لە پیوەندی ئەدەبی ئێرانییدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە پێی بەڵگەنامەی ساواک هەر لەم ماوەیەشدا واتە ساڵانی ١٩٥٧ - ١٩٥٩ زایینی رۆڵی هاوکاریکردنی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان را گێڕاوە.

* سەدیق ئەنجیری ئازەر لەساڵی ١٩٦٤ زایینی و لەسەر داوای خۆی لەکارەکەی خانەنشین کراو و کاتێک لە پاییزی ئەو ساڵە هاتە باشووری کوردستان تەقریبەن ململانێی و دەستەبەندییەکانی نێو حیزبی دیموکرات و ئەوانەی بەناوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) و (کۆمیتەی ساخ کەرەوە) جیابونەوە، بێ هیچ خوێن رێژییەک کۆتایی هاتبوو. دیارە رۆڵی مەلا مستە فا بارزانی لە پشتگیریکردنی ئەحمەد تۆفیق لەبەرامبەر نەیارە شەخسی و فیکری و حیزبییەکانیدا و سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا یەکلاکەرەوە بوو، لەبەرامبەردا (مەکتەبی سیاسی) پارتی کەدوژمنی ئەحمەد تۆفیق بوون و پشتگیری نەیارانیش دەکرد، نەیانتوانی بەهۆی شکستییان لەبەرامبەر بارزانیدا تاسەر بیانپارێزێن و لەناوچەکانی خۆیاندا رایانگرن.

لە ١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤زایینی، لەگوندی (سۆن)ی داوێنی چیای (مامەندە)، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، سەدیق ئەنجیری ئازەر وەک رێکخەری دانیشتنەکان و بەسەر راگەیشتنی وەرگرتنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان لەکۆنگرە هەڵدەسوڕا، پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، هە ڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، سەدیق ئەنجیری ئازەر بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.



سەرچاوە
Serchawe

ویرای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی دووهەمی چالاکییەنی زیاتر پەرەیان سەند و دەردانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بایەخیان پێدرایەوە خودی ئەحمەد توفیق چەند جەولەیەکی بە نێو گوندە سنوورییەکاندا کرد. بەلام ناتەبایی و ناکۆکییەکانی نێو رێبەرایەتی کۆتایی نەهات و سەرکردایەتی حیزبی لە حالەتێکی شل و شێواویدا هێشتبۆوە. سەدیق ئەنجیری کە دوای کۆنگرەی دووهەم ببو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە هاوکاریی چەند کادرێکی رێبەرایەتی وەک سولەیمان موعینی و حەمەدمین سیراجی هەر لە سەرتاوە لە هەولی یەکخستنەوەی تواناکان و گێرانەوە و ئاشتکردنەوەی پێشمەرگە و کادرە بە تۆراو و ناڕازییەکان بوو لە رێبەری ئەحمەد توفیق، لەم رووەشەوە تا رادەیەکی باش سەرکەوتنی بە دەستهێنا و ئەندامە دەرکراوەکانی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی وەک سەعید کاوە، حەسەن رەستگار و مەلا ئاوارە گێڕرانەوە و کرانە مشاویری کۆمیتەی ناوەندی.

* دروست لە کۆتایی مانگی نیسانی ١٩٦٦ (بانەمەڕی ١٣٤٥) و چەند رۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیق ئەنجیری ئازەر و سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوە لەگوندی (دەربەند)ی بالەکایەتی لەدۆلێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەن و پاشان دەچنە مالی خالیدی حیسامی (هێدی شاعیر) لەمامە رووت. سەدیق ئەنجیری ئازەر بەمەبەستی مانەوە و دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەند و خۆی لەمالی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەوە ئیدی کەس سەدیق ئەنجیری نەدیتەوە و شوێنەون کرا.

سەرچاوە: گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەرو شوێنکراوێکی بێ گلکۆ و مەزار سەدیقی ئەنجیری ئازەر.

نووسینی: دوکتور یاسین سەردەشتی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خاکەلێوەی ٢٧٢٥ی کوردی = ئەپریلی ٢٠٢٥ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران بۆ ئامادەکردن و  نووسینی وتار و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

